# پڕەنسیپی گروپەکانی کار
## لەحیزبی سۆسیال دیموکراتی
## ئەڵمانیا Spd دا

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆرشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

# پڕەنسیپی گروپەکانی کار
# لەحیزبی سۆسیال دیموکراتی
# ئەڵمانیا SPD دا

وەرگێرانی لەئەڵمانییەوە
**جەمیلە شێخ مەحموود**

**پڕەنسیپی گروپەکانی کار**
**لەحیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا( SPD ) دا**
- وەرگێرانی لەئەڵمانییەوە: جەمیلە شێخ مەحموود
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: چاپخانەی حەمدی
- تیراژ: 1500 دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: 2022
- شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
- زنجیرە : 20/560

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( 1201 ) ی ساڵی 2021 ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب
**عوسمان حەسەن شاکر**

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی
گەشەپێدانی بیروهۆشیاری

www.pukhoshiari.com info@pukhoshiari.com

پێشەکی

پرەنسیپی گرووپەکانی کار لە حزبی SPDدا ..................................۷
دیباجە ........................................................................................۱۵
یەکەم/ گرووپەکانی کار ...................................................................۱۶
دووەم/ ئەرک و ئامانجی ئەندامانی گرووپەکانی کار .......................۱۷
گرووپی کار بۆ پرسی فەرمانبەران (AfA) ..................................۱۸
گرووپی کار بۆ کەسانی تەمەن 60 ساڵ و بەرەوژوور لە حزبی SPD،
(SPD 60 plus) ...........................................................................۱۹
گرووپی کاری ژنانی سۆشیال دیموکرات (ASF) ........................۲۱
گرووپی کاری خاوەن پیشەوکاری تایبەت بە خۆیان (AGS) ...........۲۲
گرووپی کاری پارێزەرانی سەر بە سۆشیال دیموکرات (ASJ)........۲۳
گرووپی کاری سۆشیال دیموکراتەکان لە بواری چاودێریی تەندروستیدا
(ASG) ..........................................................................................۲۵
گرووپی کار بۆ بواری خوێندن و فێربوون (AfB) ...........................۲۷
گرووپی کار بۆ کەمئەندامان لە SPD ................................................۲۸
گرووپی کار بۆ قبوڵکردن و یەکسانیی هاوڕەگەزخوازان (SPDqueer)
۲۹.......................................................................................................

گرووپی کار بۆ پەناهەندە و فرەڕەنگی ........................................ ٣٠
سێیەم/ بڕیاردان و ستراکچەری حزب ........................................ ٣٢
چوارەم/ ئۆرگانەکان ........................................................................ ٣٤
پێنجەم/ بەشی دارایی ........................................................................ ٣٩
شەشەم/ پەیوەندییە گشتییەکان ................................................... ٤٠
حەوتەم/ هەڵبژاردن و بڕیارەکان ................................................... ٤١
هەشتەم/ مافەکانی ئەندام ............................................................. ٤٢
حوکمی کۆتایی ................................................................................ ٤٨
پرەنسیپەکانی ئەندام ...................................................................... ٤٩
تایبەتمەندییەکانی گرووپەکانی کار لە حزبی سۆشیال دیموکراتی
ئەڵمانیا SPD ......................................................................... ٥١

## پێشەکی

ئەم بابەتەی لە زمانی ئەڵمانییەوە بۆ زمانی کوردی وەرم گێڕاوە، بەشێکە لە پەیڕەوی ناوخۆی حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا. ئەم پەیڕەوە کۆمەڵێک پرەنسیپە بۆ شێوازی کارکردنی ڕێکخستنەکانی ئەم حزبە بە ناوی:

(Grundsätze und Richtlinie für die Tätigkeiten der Arbeitsgemeinschaften in der SPD).

ناونیشانی ئەم بەرهەمەم کرد بە (پرەنسیپی گرووپەکانی کار لە حزبی **SPD**دا)، بەڵام کاریگەریی لەسەر مانای ناوەرۆک دروست نەکردووە. ئەوان لەبری ناوی کۆمیتە و لق و بازنە، بارەگای ڕێکخستنەکانیان ناو ناوە گرووپەکانی کار (Arbeitsgemeinschaften). هەروەها لەبەر ئەوەی خەڵک لە ئەورووپا وەک خەڵکانی ڕۆژهەڵات ئارەزووی بەشداریی کاری سیاسییان نییە، بۆیە شێوازێکی نوێیان بەکار هێناوە بۆ بەشداریی زیاتری خەڵک لە کاری سیاسیدا، ئەویش بە کاریگەریدانان لەسەر

تایبەتمەندیی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئەڵمانی لەسەر بنەمای (تەمەن، ڕەگەز، پیشە، کەمئەندام، هاوڕەگەزخوازان، کۆچبەران)، کە ئەو شێوازە سەرکەوتووە و توانیویەتی سەرنجی سەدان هەزار کەس بۆ ناو حزب ڕابکێشێت. ئەم حزبە دێرینترین حزبی ئەڵمانیایە و لە هەلومەرجێکی ئابووریی خراپی وڵاتدا ویستی ژیان و گوزەرانی کریکاران و هەژاران بەرەو باشتر ببات.

حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا Sozialdemokratische Partei Deutschlands) - SPD)، حزبێکی دێرینی ئەڵمانیایە و ساڵی ١٨٧٥ دامەزراوە، ئەم حزبەش وەک هەموو حزبێکی تر هەڵکشان و داکشانی بینیوە، یەکگرتن و ململانێی ناوخۆیی و باڵباڵێن و لێکجیابوونەوەی بە خۆوە بینیوە. سەرەتا ئەم حزبە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو بزووتنەوەی سۆشیالستیی ئەڵمانی دروست بوو، بزووتنەوەی یەکەمیان لەژێر کاریگەریی فکری (فەردیناند لاسال) بووە و دووەمیان لەژێر کاریگریی فکری (کارل مارکس) دا بووە. ئەم حزبە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە سەرەتادا تەبەنیی بیروبۆچوونەکانی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕیی (مارکس)ی کردبوو کە لە بەرنامەی (ئیرفۆرت)دا بە

ڕوونـی لە کۆنگرەی حزبی SPD لە لایـەن بیرمەندان (ئیدوارد بێرنشتاین، ئۆگستۆس بیبلۆ، کارل کاوتسکی) داڕێژرایەوە و گۆڕانکاریی تێدا کرا، چونکە پێیان وابوو مەرگی سیستمی سەرمایەداری و زەروورەتی سۆشیالیزم و خاوەنێتیی هۆیەکانی بەرهەمهێنان نزیکە، بۆیە دەبێت حزب لە میانەی بەشداریی سیاسیی یاساییەوە چاودێریی ئامانجەکانی خۆی بکات، لەبری چالاکیی شۆڕشگێڕی. لەو بـارەوە کاوتسکی پێی وابـوو کە سەرمایەداری بە سروشتی خـۆی دەبێت بڕووخێت و ئەرکی بەپەلەی سۆشیالیستەکان بریتییە لە چاککردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران لەبری شۆڕشکردن. لە دوای ئەو کۆنگرەوە، حزب بە هۆی ململانێ لە نێوان ئەندامانی سەرکردایەتیی حزب لەسەر بابەتی (ڕیفۆرم و شۆڕش)، تووشی چەندین گرفتی ناوخۆیی بووەوە، بۆ نموونە ئیدوارد بێرنیشتاین بە پێداچوونەوە بە مارکسیزمدا بیروبۆچوونەکانی گۆڕانیان بەسەردا هات و بە ئاڕاستەی ڕیفۆرمخوازیی ناو حزبدا ڕۆیشـت، بـەڵام هەریەکە لـە کـارل کاوتسکی و ڕۆزا لۆکسمبۆرگ بە ئاڕاستەی شۆڕشی „ئەرسۆدۆکسی”دا هەنگاویان نا و لە ئەنجامی ململانێکانیانەوە لە حزب جیا بوونەوە.

ساڵی ١٩١٧ حزب بۆ دوو بەرە دابەش بوو، بەرەی دژ بە شەڕ و بەرەی هاوپەیمانی شەڕ. بەرەی دژ بە یەکەمین جەنگی جیهان خۆیان ناو نابوو «حزبی سۆشیال دیموکراتی سەربەخۆ - Unabhängige Sozialdemokratische Partei Deutschlands, USPD“ و بە سەرۆکایەتیی فریدریش ئیبرت لە حزبی SPD جیا بوونەوە. ئەم بەرەیە دژی حزب بوون لەسەر پشتیوانی لەو جەنگە کە پێیان وابوو ئەوە جەنگی ئیمپریالیستەکانە و بۆ دابەشکردنی ناوچە کۆلۆنییەکانە. هەروەها دەیانویست ببنە هێڵی ناوەڕاست لە نێوان ڕیفۆرمخوازەکان و شۆڕشگێڕەکاندا. ئەم حزبە نوێیە دواتر چەند گرووپێکی تری لە خۆ گرت کە بریتی بوون لە ڕیفۆرمخوازەکانی وەک برنشتاین و هێڵی ناوەند وەک کارل کاوتسکی و ڕادیکاڵەکان وەک: ڕۆزا لۆکسمبۆرگ، کە وەک (کۆمەڵەی چەپی سپارتاکۆس) بەشدارییان لەو حزبە نوێیەدا کرد.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگ و بنیاتنانی کۆماری ڤایمەر، ئیبیرت وەک سەرۆکی کۆمار هەڵبژێررا، کۆمەڵەی چەپی سپارتاکۆس لەو حزبە هاتنە دەرەوە و بوونە کرۆکی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا.

لە دوای دروستبوونی (ئینتەرناسیۆنالی سێیەم – Die Dritte Internationale) ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی لە جیهاندا، باڵی شۆڕشگێڕ لە حزبی سۆشیال دیموکراتی سەربەخۆ (USPD) جیا بوونەوە و چوونە ناو حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانییەوە، هەروەها باڵی خاوەن مەیلی پەرلەمانی لە ساڵی ١٩٢٢دا گەڕایەوە ناو حزبی دایک (SPD). پاش ئەوەی ئەدۆلف هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣دا هاتە سەر حوکم، (حزبی سۆشیال دیموکراتی سەربەخۆ)ی قەدەغە کرد، زۆربەی ئەندامەکانی حزب زیندانی کران و ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بوونەوە.

حزبی SPD لە دوای جەنگی دووەمی جیهان بوو بە دوو بەشەوە: حزبی ڕۆژهەڵات کە لەگەڵ حزبی کۆمۆنیست یەکیان گرت بە ناوی (حزبی یەکێتیی سۆشیالستی Sozialistische Einheitspartei Deutschlands، SED) تا ساڵی ١٩٨٩، هەروەها حزبی ڕۆژئاوا. ئەم بەشەی ڕۆژئاوا بە تەواوی لە فکری مارکسیزم دوور کەوتەوە و بەرەو سۆشیالیستی لیبراڵی Liberaler Sozialist ڕۆیشت، ئەم حزبە لە ساڵی ١٩٦٦دا وەک بەشێک لە هاوپەیمانیی حکومی لەگەڵ دیموکراتی مەسیحی هاتە سەر حوکم و ڕۆڵی سەرەکیی لە بنیاتنانی

بازاڕی ئابووریی کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا بینی. ساڵی ١٩٩٠، لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، هەردوو بەشی حزب لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات یەکیان گرتەوە و ئێستا دووەم حزبە لەسەر ئاستی ئەڵمانیا لە دوای CDU.

حزبی SPD بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی ئەڵمانیا زۆربەی ئەندامەکانی لە چوارچێوەی ١١ گرووپدا ڕێک خستووە، ئەم گرووپانە لەسەر بنەمای تەمەن، ڕەگەز، پیشە، تایبەتمەندیی تر جیا کراونەتەوە و لە لایەن لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب (دەستەی کارگێڕ)ەوە ئاڕاستە دەکرێن. بەرنامە و پلانی خۆیان هەیە و بە شێوەیەکی دیموکراسییانە هەڵبژاردن لە ناو حزبدا دەکەن.

لە دیسێمبەری ساڵی ٢٠١٨دا ژمارەی ئەندامەکانیان گەیشتبووە ٤٣٧٧٥٤ ئەندام. لە کۆی ٧٠٩ کورسیی پەرلەمان (بۆندستاغ، ئەنجوومەنی یاسادانان) ١٥٢ کورسیی بە دەست هێناوە، لە کۆی ٦٩ کورسیی (بۆندسرات، نوێنەری ١٦ هەرێمەکەی ئەڵمانیا، کە ڕێژەی کورسییەکانیان بەپێی ژمارەی دانیشتوان دیاری دەکرێت) ٢١ کورسیی بە دەست هێناوە. لە کۆی ٩٦ ئەندام پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا، ١٦ کورسییان

بە دەست هێناوە. لە کۆی ١٨٧٤ کورسیی سەرجەم ئەندام پەرلەمانی هەموو هەرێمەکان (هەر هەرێمێک بە جیا پەرلەمانی خۆیان هەیە) ٤٨٩ کورسییان بە دەست هێناوە. لە کۆی ١٦ سەرۆکوەزیرانی ١٦ هەرێمەکە، ٧ سەرۆکوەزیران سەر بەو حزبەن.

ئەم حزبە گرنگیی زۆر بە مەسەلەکانی ژنان و کەسانی بەتەمەن، کۆچبەران، پرسەکانی مافی مرۆڤ و ژینگە دەدات. هەوڵی سەرەکییان بەرگریکردنە لە سیستمی سۆشیال دیموکرات لە ئەڵمانیا.

جەمیلە شێخ مەحموود

# پڕەنسیپی گرووپەکانی کار لە حزبی SPDدا

بەپێی مادەی ١٠ لە سیستمی سیاسیی ڕێکخراوەیی بڕیاری حزبی سۆشیال دیموکرات لە ٨ی تەموزی ٢٠٢٠

## دێباجە

گرووپەکانی کار بەشێکن لە حزبی سۆشیال دیموکرات. ئـەوان بریتین لە ئەڵقەی پێکەوەبەستن لەگەڵ گرووپە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە. گرووپی کار لە حزبی سۆشیال دیموکراتدا لە ڕێکخستن و تۆکمەکردنی ئەو پەیوەندییانە بەرپرسن. گرووپەکانی کار هەل بۆ موخاتەبەکردنی زۆرترین چین و توێژی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەڕەخسێنن کە توانا و تایبەتمەندییان لەو بوارەدا هەیە. هەروەها پێویستە ئەوە بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە لە حزبی سۆشیال دیموکراتدا جێبەجێ بکرێت.

لە میانەی چاکسازی و باشترکردنی ژیـان، داب و نەریت و تایبەتمەندیی گرووپەکانی کار لەبەرچاو دەگیرێت.

یەکەم/ گرووپەکانی کار

ئـەم گرووپانەی لای خـوارەوە بە بڕیاری لیژنەی ڕاپەراندنی حزب دامەزرێنراون:

أ- گرووپی کار بۆ پرسی فەرمانبەران (AfA)

ب- گـرووپـی کـار بـۆ کەسانی تـەمـەن ٦٠ سـاڵ و بەرەوژوور لە حزبی (SPD، SPD 60 plus).

ت- گرووپی کاری ژنانی سۆشیال دیموکرات (ASF)

پ- گرووپی کـاری خـاوەن پیشەوکاری تایبەت بە خۆیان (AGS)

ج- گـرووپـی کـاری پـارێـزەرانـی سـەر بە سۆشیال دیموکرات (ASJ)

ح- گرووپی کاری سۆشیال دیموکراتەکان لە بواری چاودێریی تەندروستیدا (ASG)

خ- گرووپی کار بۆ بواری خوێندن و فێربوون (AfB)

د- گرووپی کار بۆ کەمئەندامان لە SPD

ژ- گـرووپـی کـار بـۆ قـبـوڵـکـردن و یـەکـسـانـیـی هاوڕەگەزخوازان (SPDqueer)

ر- گرووپی کار بۆ پەناهەندە و فرەڕەنگی

دووەم/ ئەرك و ئامانجی ئەندامانی گرووپەکانی کار.

بەپێی بڕیاری لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب، ئەم گرووپانەی کار چەندین ئەرکی تایبەت لە ناو حزب و لە دەرەوەی حزب ڕادەپەڕێنن. ڕا و پێشنیاز بە لیژنەی بەڕێوەبردن دەدەن و هەلی گفتوگۆ و بەشداریی سیاسی بۆ هاووولاتیان دەڕەخسێنن. ئەم گرووپانەی کار هاریکاریی گرووپە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکان دەکەن و دەستپێشخەریی سیاسی دەکەن.

بنچینەی کاری ئەم گرووپانە بریتییە لە ئامانج و بنەمای حزب، لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزبی SPD لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی لە کۆبوونەوەیەکی داخراودا بەرنامە و پلانی ساڵانە بۆ ئەو گرووپانەی کار دادەڕێژن. هەروەها گرووپەکانی کار لە میانەی چالاکییەکانیاندا کاریگەرییان لەسەر داڕشتنی بڕیاریی سیاسیی حزب هەیە. هەردوو گرووپی کاری ژنانی سۆشیال دیموکرات (ASF) و گرووپی کەسانی تەمەن ٦٠ ساڵ و بەرەوژوو لە SPD (SPD 60 plus) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشێکن لە حزب بە هۆی ڕەگەز و تەمەنیان. ئەو گرووپانەی تریش بەپێی پیشە و گرنگیپێدانەکانیان ئەندامن لە حزبدا.

هەموو ئەندامێکی حزب بەپێی تەمەن و ڕەگەز و پیشە یان هەر گرووپێک لای جێی گرنگی بێت، دەتوانێت تێیدا ببێتە ئەندام، بەڵام دەبێت لیژنەی بەڕێوەبردنی ئەو گرووپە ئاگادار بکاتەوە. تا بەڕێوەبەر یان سەرۆکی ئەو گرووپانە بتوانن ناوەکانیان لەو گرووپە تۆمار بکەن.

ا- گرووپی کاری پرسی فەرمانبەران (AfA)

ئەم گرووپە لە فەرمانبەرانی سەربە حزبی سۆشیال دیموکرات پێک دێن کە لە کۆمپانیا و کارگە و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا کار دەکەن، هەروەها ئەندامن لە گرووپی کاری فەرمانبەرانی سۆشیال دیموکرات. ئەو فەرمانبەرانەی بە شێوەی کاتی یان هەمیشەیی لە ژیانی کارکردنیان خانەنشین بوون، دەتوانن ببنە ئەندام لەم گرووپەدا.

ئەرکی ئەم گرووپە:

- ئاشناکردنی فەرمانبەرانی کارگە و کۆمپانیاکان بە ئامانج و بەرنامەی سیاسیی حزب و بەهێزکردنی حزبی SPD لە ڕێی ڕاکێشانی ئەندامی نوێوە.
- جەختکردن لەسەر بەرژەوەندیی فەرمانبەران لە

پێکهێنانی بەڕێوەبردنی سیاسی و هاندانی فەرمانبەران بۆ بەشداریی سیاسی.

• هاندانی بەشداریی کارای فەرمانبەرانی سۆشیال دیموکرات لە سەندیکا و لیژنەی کاری فەرمانبەران و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

• پشتیوانیی فەرمانبەرانی هەڵبژێرراو لە سەندیکا و ڕێکخراوەکاندا بۆ ئەنجامدانی ئەرک و فەرمانەکانیان بە باشترین شێوە.

• پشتیوانیی حزب لە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە بازرگانییەکان و بنیاتنانی تۆڕی متمانە (کارتیل) لە نێوان فەرمانبەرانی کۆمپانیاکان.

## ب- گرووپی کاری کەسانی تەمەن ٦٠ ساڵ و بەرەوژوور لە حزبی (plus ٦٠ SPD)

ئەم گرووپی کارە لە ئەندامانی تەمەن ٦٠ ساڵ و بەرەوژوور پێک هاتووە، ئەو کەسە بەتەمەنانەی کە لە ژیانیاندا کاریان کردووە و ئێستاش ئارەزووی کارکردن دەکەن. ئەرکە تایبەتەکانی ئەم گرووپە بریتین لە:

• نوێنەرایەتیکردنی کەسانی بەتەمەن لە ناو و دەرەوەی حزبی سۆشیال دیموکرات.

• پاراستنی بەرژەوەندییە کەسی و سیاسییەکانی کەسانی بەتەمەن لە دارِشتنی برِیاری سیاسیدا.

• هاندانی کەسانی بەتەمەن بۆ بەشداریی سیاسی و پێشکەشکردنی ڕاوبۆچوونی سیاسی.

• ڕاکێشانی ئەندامی نوێ بۆ حزبی سۆشیال دیموکرات.

• گونجاندن و بەشداری لە پێکهێنانی گۆڕینی دیموگرافی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە.

• هاریکاری لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان و دەستپێشخەریی کەسانی بەتەمەن یان کارکردن لەگەڵ کەسانی بەتەمەن بۆ فراوانکردنی پەیوەندی و هاریکاری لە نێوان نەوەکاندا.

• کارکردن بۆ زاڵبوون بەسەر جیاکاری و لایەنگری دژی کەسانی بەتەمەن.

• گەرەنتیی کاندیدکردنی کەسانی بەتەمەن بۆ پۆستەکانی هەڵبژاردن.

• پێدانی پاڵنەری زیاتر بە کەسانی بەتەمەن و جێگیرکردنیان لە ڕێی بابەتەکان و لە ناو سترەکتوری SPD لە پێناو پەرەپێدانی سیاسەتی دیموکراسیی کۆمەڵایەتیدا.

ت- گرووپی کاری ژنانی سۆشیال دیموکرات (ASF)

• ئەم گرووپە لە سەرجەم ژنانی حزبی SPD پێک هاتووە.

• ئامانجی ئەم گرووپە یەکسانیی نێوان ژن و پیاوە لە ناو حزب و لەناو کۆمەڵگەدا.

• ئەرکی ASF بریتییە لە:

• جەختکردن لەسەر بەرژەوەندی و داواکارییەکانی ژنان لە پرۆسەی داڕشتنی بڕیاری سیاسیی حزبدا. هەروەها بەهێزکردنی بەشداریی سیاسیی ژنان لە حزبدا، بە شێوەیەک، لە داڕشتنی بڕیاری سیاسیی حزبدا بەشدار بێت تا یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لەبەرچاو بگیرێت.

• ئاشناکردنی ژنان بە ئامانج و سیاسەتی حزب، هەروەها بەشداریپێکردنیان لە گۆڕانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ڕاکێشانی ئەندامی نوێ بۆ ناو حزب.

• پەرەپێدان و چەسپاندنی داواکاری و ئامانجەکانی ژنان لە نێوان گفتوگۆ و دیالۆگی نیقابە و ڕێکخراوەکانی ژنان لەسەر ئاستی ئەڵمانیا و ئاستی نێودەوڵەتی.

• پەرەپێدانی بابەتەکان و هەڵویستەکان و پێشنیازەکان لەمیانەی کاری بەکۆمەڵ و پێشکەشکردنی بە حزب،

هەروەها خەباتکردن لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرینەی کۆمەڵایەتی لە ناو حزب و لە ناو کۆمەڵگەدا.

• جێبەجێکردنی بڕگەی ٢ لە مادەی ٣ی یاسای بنچینەیی: ژن و پیاو لە مافدا یەکسانن. هاندانی حکومەت لە جێبەجێکردنی کارای ئەو مادەیە و سڕینەوەی ئەو نایەکسانییەی هەیە.

• ئامانجی ASF لەخۆگرتنی هەموو مێینەیەکی ناو کۆمەڵگەیە و ڕەنگدانەوەی ئەو ئامانجە لە کارەکانیاندا.

پ- گرووپی کاری سەرمایەداران و خاوەن بازرگانیی تایبەت (AGS)

ئەرکی AGS بریتییە لە:

• بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی کاریگەرییەکانی سۆشیال دیموکرات لە نێوان سەرمایەداران و پیشەوەرانی تایبەت لە هەموو بوارەکانی بازرگانی و هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵەی پیشەوەران. هەروەها هاندانی بەشداریی زیاتری سیاسیی ئەو توێژەی کۆمەڵ لە حزبی SPDدا.

• گفتوگۆکردن لەسەر ئەو گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کاریگەرییان لەسەر سەرمایەداران و ئەوانەی بازرگانی و پیشەوەرانی سەربەخۆ هەیە،

هەروەها پێشکەشکردنی ڕا و پێشنیاز لەو ڕووەوە بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب.

• تێگەیاندنی حزب لە کێشە و گرفتەکانی ئابووریی چینی ناوەند و بەهێزکردنی حزب لە پەرەپێدانی سیاسەتی ئابووریدا.

• بەردەوامیدان و پێشخستنی سیاسەتی ئابووریی سۆشیال دیموکرات.

• پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمەڵە و گرووپە ناوەندییەکان و سەرمایەداران کە لایەنگری فکری سۆشیال دیموکراتن.

## ج- گرووپی کاری پارێزەران سەر سۆشیال دیموکرات (ASJ)

بواری کارکردنی پارێزەران (ASJ) بریتییە لە بواری یاسایی سیاسەتکردن وەک یەکەیەک بۆ پێشخستنی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی سۆشیال دیموکراتەوە. ئەوان لەم گرووپەدا داڕشتنی یاسا و پرۆژەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بەپێی پیشەکەیان ئامادە دەکەن. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە، زانیاریی تایبەتی ئەندامەکانیان لە هەموو دادگا و بەڕێوەبەرایەتی و کارگوزارییەکاندا لەبەر دەستی

هەمواندا دەبێت و هەل بە شارەزایان و هاووڵاتیانیش دەدات کاریگەرییان لەسەر ئیرادەی ناوخۆی حزب هەبێت.

ئاراستەی ئامانجی ئەم گرووپە بریتییە لە بەرجەستەکردنی سیستمێکی دەستووری کۆمەڵایەتیی ئازاد و دیموکراسی، لەسەر بنەمای فکری دادگەری، هەروەها پاراستنی مافی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان، دەرککردن بە بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ئاشتی و جیهانی سێیەم و پارێزگاری لە بنەماکانی سروشتی ژیان.

ئەندامانی گرووپی کاری پارێزەران (ASJ) لەو کەسانە پێک دێن کە خاوەن بڕوانامەی یاسایین یان لە قۆناغی خوێندنی یاسادان، هەروەها ئەو کەسانەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشە و گرفتە یاساییەکاندایە وەک پیشە یان خۆبەخش، یان ئەزموونیان لە بواری یاسای سیاسیدا هەیە.

ئەرکی ASJ بریتییە لە:

- بەهەندوەرگرتن و هاوکاری لە پێکهێنانی سیستمێکی یاسایی لەسەر ئاستی نیشتمانی، هەروەها لەسەر ئاستی ئەورووپی و نیودەوڵەتی.
- تۆمارکردن و بەهەندوەرگرتنی گفتوگۆکانی تایبەت بە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان.

• ئەزموون و شارەزایی یاسایی ئەندامان دەخاتە بەردەستی حزبی SPD.

• پێکەوەبەستن و پێشخستنی سیاسەتی سۆشیال دیموکرات لە ڕووی یاساییەوە بەپێی پراکتیک و زانست.

• ئاشناکردنی پارێزەران بە ئامانج و سیاسەتی حزب، هەروەها پێڕاگەیاندنی جیاوازی لە نێوان چەسپاندنی یاسا و داڕشتنی یاساکان بۆ پێناساندنی شێوازی کارکردن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتیدا.

• بەشداریکردن لە گۆڕانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی پارێزەران و ڕاکێشانی ئەندامی نوێ بۆ ناو حزب.

• گەشەپێدان و جێبەجێکردنی داواکاریی هاوبەش کە لەمیانەی گفتوگۆی نێوان سەندیکا و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە، لەسەر ئاستی ئەڵمانیا و ئەورووپا و نێودەوڵەتیدا بەرجەستە دەبێت.

• پێشکەشکردنی زانیاری و ڕاوێژی یاسایی بە هەموو بەشەکان دەربارەی هەموو پرسە یاساییە سیاسییەکان.

## ح- گرووپی کاری سۆشیال دیموکراتەکان لە بواری چاودێریی تەندروستیدا (ASG)

گرووپی ASG بە شێوەیەکی تایبەت لەو ئەندامانە پێک دێت کە لە کەرتی تەندروستی و چاودێریی پزیشکیدا

کار دەکەن یان چالاکییان لە سیاسەتی تەندروستی و چاودێریی تەندروستیدا هەیە. ئەو کەسانەش بریتین لە پزیشک و پەرستار و کەسانی پسپۆڕ لە بواری کۆمەڵناسی و زانایانی دەروونناس و پزیشکی دەروونی و پسپۆڕی زانستیی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی و پەرستاری و ئابووریی تەندروستی و ڕاهێنەرانی پێشکەوتوو، هەروەها سندوقی بیمەی تەندروستی و پەرستاری لە "دەستپیشخەرانی سیاسەتی تەندروستی" و گرووپەکانی تری هاوکاریی ئەم کەرتە.

ئەرکی ASG بریتییە لە:

• بەشداری لە گەشەپێدان و جێبەجێکردنی تێگەشتن و ستراتیژیی سیستمی تەندروستیی دیموکراسی کە لەسەر بنەمای هاریکاری بنیات نراوە.

• سەرنجراکێشان و گرنگیدان بە داواکاریی ئەو کەسانەی لە کەرتی تەندروستی و چاودێریی پزیشکیدا کار دەکەن، هەروەها ئەوانەش کە لە بواری سیاسەتی تەندروستی و چاودێریی پزیشکیدا کار دەکەن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی داڕشتنی بڕیاری سیاسیی حزبدا.

• پێشکەشکردنی زانیاری و ڕاوێژ بە هەموو بەشەکانی حزب سەبارەت بە هەموو پرسێکی تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

خ- گرووپی کار بۆ بواری خوێندن و فێرکردن (AfB)

ئەو ئەندامانەی لە بواری زانست و فێرکردندا کار دەکەن، چ لە ڕووی پراکتیکی و تیۆرییەوە، لەسەر هەموو ئاستەکان، گرنگی بە سیاسەتی فێرخوازی و خوێندن دەدەن، ئەم گرووپی کارە لە خۆیان دەگرێت.

ئەرکی AfB بریتین لە:

• بەرگریکردن و بەشداریکردن لە ئامانجەکانی حزبی سۆشیال دیموکرات لە بواری خوێندن و فێرکردندا.

• ئەو کەسانەی مەبەست و ئامانجیان پەروەردە و فێرکردنە و گرنگی بە سیاسەتی پەروەردە دەدەن، بە ئامانجەکان و سیاسەتی حزب ئاشنا بکرێن. هەروەها بەشداریکردن لە بیروبۆچوونەکانیان و بنیاتنانی ئیرادەیان سەبارەت بەو پرۆسەیە.

• جەختکردن لە بەرژەوەندی و داواکارییەکانی کەسانی پەیوەندیدار و پسپۆڕانی زانست و زانیاری

و پـەروەردە و فێرکردن لە بڕیاری سیاسیی حزبدا و پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە ئۆرگانە ڕێکخراوەییەکانی حزب لە مەسەلەکانی تایبەت بە سیاسەتی پەروەردە.

د- گرووپی کار بۆ کەمئەندامان لە SPD

ئـەم گـرووپـی کـارە نـوێنـەرایـەتیی بـەرژەوەنـدیـی کەمئەندامان و کەسوکاریان دەکات. ئەم گرووپە خزمەتی تایبەتی بە کەسانی کەمئەندام دەکات.

ئەرکی ئەم گرووپە بریتییە لە:

- نوێنەرایەتیکردنی کەسانی کەمئەندام لەناو حزب و لە دەرەوەی حزبدا.
- پەرەپێدانی بەشداریی کەمئەندامان بۆ ڕاکێشانی کەسانی تری کەمئەندام بۆ ناو بەرنامە و پرۆگرامی حزبی سۆشیال دیموکرات.
- فراوانکردنی هاریکاری و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵەی تری کەمئەندامان.
- پشتیوانیی گەرەنتی لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە پاراستنی کەمئەندامان و هاندانی کەمئەندامان لەسەر هەموو ئاستەکان لە SPD

دا، هەروەها بەشداریی کەمئەندامان بەشێکی دانەبڕاوە لە سیاستی سەرتاپاگیریی سۆشیال دیموکرات.

• هاندان و کاندیدکردنی کەسانی کەمئەندام بۆ پلە و پۆستەکانی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان و دامودەزگای حزبی و شوێنەکانی تر.

حزبی سۆشیال دیموکرات پابەندە بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە، لەبەر ئەوە، بە لای ئێمەوە زۆر گرنگە هەڤاڵانی کەمئەندام لە هەموو ئاستەکاندا بەشدار بن. حزب هەمیشە هەوڵ دەدات بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان تا کەمئەندامان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و دوور لە بیروکراسی بەشداریی سیاسی بکەن، لە داهاتووشدا پیادەکردنی ئەم شێوازە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت.

### ژ- گرووپی کار بۆ قبوڵکردن و یەکسانیی هاوڕەگەزخوازان (SPDqueer)

گرووپی کاری قبوڵکردن و یەکسانیی هاوڕەگەزخوازان (SPDqueer)، کەسانی یەکسانیخواز و هاوڕەگەزخوازان لە خۆ دەگرێت کە لە لایەن کۆمەڵگەوە قبوڵ نەکراون.

ئەرکی ئەم گرووپە بریتییە لە:

• کارکردن بۆ قبوڵکردن و بە سروشتی وەرگرتنی هاورەگەزخوازی لە لایەن کەسانی ترەوە لە نێو کۆمەڵگەدا.

• کارکردن بۆ زاڵبوون بەسەر زوڵم و بەکەمسەیرکردن و جیاکاری دژی هاورەگەزخوازان.

• گەرەنتی و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی کەسانی هاورەگەزخواز لە ڕووی کەسی و سیاسییەوە لە پرۆسەی دارشتنی بڕیارەکاندا.

• بەهەندوەرگرتنی گفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی یەکسانیخواز و کۆمەڵە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەڵمانیا و ئەورووپا و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

• حزبی سۆشیال دیموکرات لە گرووپەکانی بەرژەوەندیی کۆمەڵگەی مەدەنی گرنگی بە مافی هاورەگەزخوازان دەدات.

ر- گرووپی کاری تایبەت بە کۆچبەران و فرەڕەنگی

ئەم گرووپی کارە لەو ئەندامانەی SPD پێک دێن کە گرنگی بە کۆچبەران و فرەڕەنگی دەدەن، ئیتر چ ڕابوردوویەکی کۆچیان هەبێت یان نا، بە شێوەی

پراکتیکی یان تیۆری مامەڵە لەگەڵ پرسی کۆچبەران و پێکەوەژیان و فرەڕەنگی دەکەن یان ئەوانەی گرنگی تایبەت بەو بابەتە دەدەن.

ئەرکی کۆچبەران و فرەڕەنگی (AG) بریتییە لە:

• بەشداریکردن لە پێکەوەژیانی فرەڕەنگ و پەرەپێدانی بەشداریی ئەو کەسانەی لە بنەچەدا کۆچیان بۆ ئەڵمانیا کردووە.

• پاساودان بە حزبی سۆشیال دیموکرات بۆ بەردەوامبوون لە پەرەپێدانی فرەڕەنگی و بەشدارییپێکردنیان، تا وەک بابەت و ستراکچەر ببێتە تەوەری سیاسەتی حزب.

• گەشەپێدانی فرەڕەنگی و کرانەوە لە نێوان ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان لە ناو حزبی سۆشیال دیموکراتدا.

• پارێزگاری لە ئاڵوگۆڕی گفتوگۆی تایبەت بە ئامانجەکانی ئەم گرووپە لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە تایبەتییەکانی کۆچبەران، هەروەها نوێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵەی ئایینی و زانستی و سەندیکاکانی کرێکاران.

• ڕاکێشانی ئەو کەسانەی خاوەن ڕابوردویەکی کۆچن بۆ ناو حزبی سۆشیال دیموکرات.

## سێیەم/ بڕیاردان و ستراکچەری حزب

ئـەم گـرووپـانـەی کـار بـەشـێکن لـە حــزب، واتـە لەسەر هێڵی پانی نین بە مانای سیستەمی سیاسیی ڕێکخستن. دەسەڵاتی بڕیاردان سەبارەت بە پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوەی گرووپەکانی کار و هەروەها بڕیاردان لە چالاکیی ئـەم گـرووپـانـە، تەنها دەکەوێتە ئەستۆی دەزگای لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب، کە هەموو بەشەکانی حزب پێوەی پابەندن. ڕێنماییەکانی تایبەت بەو گرووپانە لەگەڵ ڕێنماییەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن ناکۆک نین.

گرووپەکانی کار لە هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزبدا بە بڕیاری لیژنەی ڕاپەراندن پێک دەهێنرێن، ئەو بڕیارەش شایانی هەڵوەشاندنەوەیە، بە لایەنی کەمەوە، گرووپی کار لەسەر ئاستی حکومەتی ئەڵمانیا بوونیان هەبێت. لە ڕووی پرنسیپەوە دەشێت ئەم گرووپانە لەسەر هەر ئاستێک لە ئاستەکانی هەیکەلی حزب پێک بهێنرێن، بەڵام بە مەرجێک، هەموو ئەندامەکانی ئارەزوومـەند بن و ئامادەییان تێدا بێت بۆ ئەو کارە.

بە شێوەیەکی بنچینەیی، داڕشتنی هەیکەلی ڕێکخراوەیی ئەم گرووپانەی کار لەگەڵ هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب، لە ڕووی هەیکەلی ئیداری و بەڕێوەبردنەوە وەک یەکن.

هەروەها لە هەر ویلایەتێک کە ناوچەکەی لە ڕووی دانیشتوانەوە فراوانتر بوو، دەکرێت پاش ڕەزامەندیی لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب، گرووپی کاری سەر بەو ویلایەتە پێک بهێنرێت، بە هەمان شێوەش، ئەوە بۆ هاوپەیمانیی هەرێمایەتی لەسەر ئاستی حزب جێبەجێ دەبێت.

لەسەر ئاستی ویلایەتەکان و شار و شارۆچکەکان، کۆنفرانسی ناوخۆیی بۆ ئەندامان ساز دەکرێت، هەروەها ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان بەپێی بەرنامە و ڕاسپاردەی حزب ڕێک دەخرێنەوە. بە ڕەزامەندیی ناوچە و ویلایەتەکان دەتوانن گرووپی کار لەسەر ئاستی ناوچەکەیان کە تایبەتمەندیی بەو ناوچەیە هەبێت، پێک بهێنن.

ئەندامانی بەرپرسی حزبی بەرپرسیارێتیی ئاراستەکردنی ئەو گرووپە ناوچەییانە لە ئەستۆ دەگرن؛ هەر کاتێکیش ئەو گرووپانە نەگەیشتنە لێکتێگەیشتن، ئەوا لیژنەی ئاستی سەرووتر ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ دەگرێت. لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب مافی سازدانی کۆبوونەوەی نائاسایی هەیە بۆ ئەندامان یان نوێنەری گرووپەکانی کار لەو ناوچانە بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی ڕا و پێشنیاز، هەروەها بۆ داواکردنی دەستلەکارکێشانەوەی

کار، بەڕێوەبەرانی گرووپەکان، بەپێی ڕێسای ٩ لە پاکێجی هەڵبژاردن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری خودی کۆمەڵە و گرووپەکانی کار.

ئۆرگانەکانی حزب پابەندن بە پشتگیری و هاندانی چالاکییەکانی گرووپەکانی کار بە باشترین شێوە، ئەم پشتیوانییە لایەنی مادی و ڕێکخراوەیی دەگرێتەوە. هەمیشە دەبێت توانا و سنووری دارایی SPD لەبەرچاو بگیرێت.

گرووپەکانی کار بەپێی یاساکان مافی پێشکەشکردنی پێشنیاز و قسەکردنیان لە کۆنفرانسەکانی حزبدا هەیە، هەروەها نوێنەری ئەم گرووپانە لە کۆنگرەی حزبدا مافی دەنگدانیان هەیە.

## چوارەم/ ئۆرگانەکان

ئۆرگانی هەموو گرووپەکانی کار بریتین لە:

- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی لەسەر ئاستی ئەڵمانیا
- ئەنجوومەنی هەرێمەکان/ لیژنەی فیدراڵی لەسەر ئاستی ئەڵمانیا
- لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب

## ١- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی لەسەر ئاستی ئەڵمانیا

أ- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵیی بەرزترین دەسەڵاتە بۆ دارشتنی بڕیارەکان، بە تایبەت ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگرێت:

• هەموو دوو ساڵ جارێک ئەنجوومەنی فیدراڵی تێیدا هەڵدەبژێرێت (ئەو ئەنجوومەنە نوێنەرایەتیی هەر ١٦ هەرێمەکەی ئەڵمانیا دەکات. وەرگێڕ).

• هاوسەرۆک بۆ کۆنگرەی گشتیی حزب هەڵدەبژێررێت کە یەکێکیان ژن دەبێت.

• ڕاپۆرتی چالاکییەکانی لیژنەی ڕاپەڕاندن قبوڵ دەکات.

• دەرکردنی بڕیار سەبارەت بەو داواکارییانەی پێشکەش کراون.

• دیاریکردنی بەرنامەی گرووپەکانی کار (١١ گرووپەکانی کار).

ب- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی لە ١٥٠ نوێنەر پێک دێت، کە نوێنەری گرووپەکانی (AFA و ٦٠Plus AG و AFS) و ٧٠ نوێنەری هەڵبژێرراو لە گرووپەکانی کار لە (د تا ڕ) کە نوێنەری هەرێمەکانن، ئەو نوێنەرانە بەپێی ڕێژەی بوونی ئەندامانی SPD لەو هەرێمە دیاری دەکرێن.

لە هەرێم و ناوچەکان هەر گرووپێک هەڵبژاردن لە نێو خۆیاندا دەکەن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری گرووپەکەیان بۆ کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی، هەر گرووپێکیش لەسەر ئاستی هەموو ئەڵمانیا ئەندامیان نەبوو، واتە گرووپەکە لە سنوورێکی دیاریکراودا هەبوون، ئەوا ناتوانن نوێنەریان بۆ کۆنگرە هەڵبژێرن. بەو شێوەیە، ڕێژەی بەشداربوانی کۆنگرەی گشتی کەم و زیاد دەکات.

ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب وەک ڕاوێژکاری بەشداریی کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی دەکەن و مافی دەنگدانیشیان هەیە. هەروەها کۆنگرە مافی بڕیاردانی لەسەر هەڵبژاردنی ڕاوێژکاران هەیە.

ج- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی هەر دوو ساڵ جارێک لە (Willy-Brandt-Haus) لە بەرلین دەبەسترێت و ماوەی یەک ڕۆژ دەخایەنێت.

ئەم کۆنگرەیە لە لایەن دەسەڵاتی باڵای فیدراڵی (سەرۆکی حزب) بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب ساز دەکرێت و هەروەها باس لە ئەجێندای کۆنگرە و نوێنەرەکانی کۆنگرە دەکرێت. دواکاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکان بە نووسراو شەش هەفتە پێش کۆنگرەیە، ئەو نووسراوانە لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی

پێشکەشکار دوو هەفتە پێش کۆنگرە بۆ ئەندامانی کۆنگرە دەنێررێن. دەبێت ئەو لیژنەی پێشکەشکارە فەرمانبەری بەتوانا و گونجاویان هەبێت بۆ ئەو کارە. تاکو هەموو ئەندامانی کۆنگرە ئەو بەڵگەنامانەیان لە کات و شوێنی خۆیدا بە دەست بگات.

د- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵیی ئەڵمانیا پشکنین بۆ شەرعییەتی هەموو ئەندامان و بەشداربوان دەکات، هەروەها سەرکردایەتی هەڵدەبژێرێت و پەیڕەوی ناوخۆ دیاری دەکات. لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکاندا کۆنگرە پێویستی بە ئامادەبوونی لە نیوە زیاترە بۆ تەواوکردنی نیسابی قانونی.

هـ- لەسەر داوای زۆرینەی سێیەکی لیژنەی فیدراڵی یان لەسەر داوای لانی کەم ٩ هەرێم لە کۆی ١٦ هەرێمەکە، کۆنگرەی نائاسایی دەبەسترێت، لەم حاڵەتەدا ماوەی ئاگادارکردن و ئامادەسازی تەنها یەک مانگ دەخایەنێت.

## ٢- ئەنجوومەنی دەوڵەت/ لیژنەی فیدراڵی

أ- ئەنجوومەنی دەوڵەت لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن و سەرۆکی هەرێمەکان و سەرۆکی گرووپەکانی کار پێک دێت.

ب- ئەنجوومەنی دەوڵەت ڕاوێژ بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب دەدات و پشتیوانیی دارشتنی بڕیارەکانی تایبەت بە گرووپی کار دەکات. ساڵی یەک جار لەسەر داوای ٥ هەرێم لە لایەن لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب، کۆ دەبێتەوە. سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی دەوڵەت دەکات.

ت- ئەو ساڵانەی کە کۆنگرەی گشتیی فیدراڵییان تێدا نابەسترێت، لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب لەبری ئەنجوومەنی دەوڵــەت لیژنەی فیدراڵیی نویٚ پێک دەهێنێت پێش ئاگادارکردنەوە بە یەک مانگ، سەبارەت بە بڕیارە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان گویٚ لە لیژنەی فیدراڵی دەگیرێت. کۆبوونەوەکانی ئەم لیژنەیە سەرۆکی لیژنە سەرپەرشتییان دەکات. ئەم لیژنەیە لە ٣٠ کەس و ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن پێک دەهێنرێت. ڕێژەی بەشداریی نوێنەران لەم لیژنەیەدا بەسەر هەرێمەکاندا دابەش دەکرێت، ئەوەش بەپێی ژمارەی ئەندامەکانی ڕێکخستن لەو هەرێمە. هەریەک لەو نوێنەرانەش بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵدەبژێررێت.

## ٣- لیژنەی فیدراڵی

ژمارەی لیژنەی فیدراڵی لە سەرۆک و ١٧ ئەندامی گرووپەکانی AfA ,AG 60 Plus, ASF و ١٢ ئەندامی گرووپەکانی تر (د تا ڕ) پێک دێن.

**دەستەی بەڕێوەبردنی ئەم لیژنەیە پێک دێن لە:**

أ- سەرۆکی لیژنە.

ب- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی دەتوانێت هاوسەرۆک یەکیان ژن و ئەوی تر پیاو هەڵبژێررێت، هەروەها دەشێت ASF دوو ژن وەک هاوسەرۆک دەستنیشان بکات.

ت- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی میلاک و ژمارەی نوێنەران و ئەندامانی تر دیاری دەکات.

پ- لیژنەی فیدراڵی بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی جێبەجێ دەکات. گرنگی بە کاروباری ڕۆژانە دەدات، لە بەردەم ڕای گشتیدا نوێنەرایەتیی حزب دەکات. لیژنەی فیدراڵی وێڕای کۆبوونەوەی تەلەفۆنی لە نێوانیاندا، لە ماوەی یەک ساڵدا ٣ جار ڕووبەڕوو کۆ دەبنەوە.

پێنجەم/ بەشی دارایی

گرووپەکانی کار هیچ مووچەیەکی دیاریکراویان پێ نادرێت بە شێوەی مانگانە. لەسەر ئاستی ئەڵمانیای فیدراڵی، دەشێت هەر گرووپێک بە جیا بەشی کۆکردنەوەی (پیتاک) دابمەزرێنن کە حزب سەرپەرشتیی دەکات و ئەو پیتاکە مادی و داراییانە بۆ کاروباری گرووپەکانی کار دەنێررێت. هەروەها دەبێت گرووپەکانی کار بە

ڕەزامەندیی حزب ئەو پیتاکانە بەکار بهێنێت. بەشەکانی تری حزب دەتوانن کار بە هەمان بڕیار بکەن.

لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب ساڵانە بڕیار لە بڕی میزانییە بۆ گرووپەکانی کار و لیژنەی ڕاپەڕاندنی فیدراڵی و دوو ساڵ جارێکیش میزانییە بۆ جێبەجێکردنی کاروباری سازدانی کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی دەدات.

بە شێوەیەکی سەربەخۆ، گرووپەکانی کار بڕی میزانییە بەپێی ئەم پەیڕەوە بۆ نوێنەرەکانیان لە لیژنەی ڕاپەڕاندن و لیژنەی فیدراڵی دیاری دەکەن، هەروەها ژمارەی کۆبوونەوەکانیان و ماوەی کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی بڕیاری لێ دەدەن و پابەند دەبن بە میزانییەی دیاریکراوەوە. ئەو بڕە پارەیەی بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندن و سازدانی کۆنگرەی گشتی خەرج ناکرێت، دەشێت بۆ کاری سیاسی بەکار بهێنرێت.

## شەشەم/ پەیوەندییە گشتییەکان

پرۆسەی پەیوەندیی گشتی لە گرووپەکانی کاردا بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەرپرسانی حزبی لە لیژنەی بەڕێوەبردنی گرووپەکە ئەنجام دەدرێت. ئەو ڕێککەوتنە بە شێوەیەکی گشتی دانراوە و دەکرێت ڕەت بکرێتەوە.

هەموو گرووپێک لە ڕێی ڕۆژنامە و پەیوەندییە گشتییە ئامانجدارەکانی خۆیەوە دەتوانێت لە دەرەوەی حزب ناوبانگی خۆی هەبێت، لە لایەکی ترەوە، پێدانی پەڕاوی تایبەتی پیشەیی بە گرووپەکانی کار و کادرانی حزب. پێویستە بابەتەکانی پەیوەندیی گشتی بریتی بن لە سیاسەتی ڕۆژانە و کارکردن لە سنووری ئەو بابەتانە و ڕاگەیاندنی ڕووداوەکان.

دیاریکردنی وردەکاریی پرۆسەی ڕێککەوتنی دووقۆڵی، بۆ ئاستەکانی ڕێکخراوەیی جێ دەهێڵرێت و گرووپەکانی کار خۆیان وەک دامەزراوەیەک بە شێوەیەکی سیستماتیک بۆ بەرژەوەندیی گەورەی SPD پەیوەندییە گشتییەکانیان پیادە دەکەن و دەیگونجێنن.

حەوتەم/ هەڵبژاردن و بڕیارەکان

جێبەجێکردنی بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی حزبی سۆشیال دیموکرات.

بەپێی برگەی ژمارە ٧ لە یاسای هەڵبژاردن (WahlO 7)، سەرۆک بە شێوەی کەسی هەڵدەبژێررێت، بەڵام ئەندامانی جێگری سەرۆک و ئەنجوومەن و نوێنەری گرووپەکانی کار بەپێی برگەی ژمارە ٨ لە یاسای

هەڵبژاردن (WahlO 8) بە شێوەی لیست هەڵدەبژێررێن.
ڕێـژەی زۆرینـە بـۆ لیستی سـەرکـەوتـوو هـەژمـار دەکرێت.

لەسەر گرووپەکانی کار پێویستە لە مـاوەی یەک مانگدا هەڵبژاردن بکەن و ڕاپۆرت لەسەر ئەو هەڵبژاردنە پێشکەش بە ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕیی حزب بکەن، تا لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستیی ئەو پرۆسەیەدا بکەن، هەر کات هەڵەی تێدا بـەدی کرا کە کاریگەریی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە دروست کردبێت، ئەوا دەکرێت ئەنجوومەنی کارگێڕی داوای دووبارەکردنەوەی ئەو پرۆسەیە لە گرووپی کار بکەن.

گـرووپـەکـانـی کـار تـەنـهـا دەتـوانـن لـە مـاوەی تێهەڵچوونەوەی ئەنجوومەنی کارگێڕی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا، تانەی لێ بدەن کە لە کاتی دیاریکراوی تانەلێدان تێ بپەڕێت.

تێپەراندنی بڕیارەکان بە ئەنجامی زۆرینەی دەنگە ڕاستەکان دروستە.

## هەشتەم/ مافەکانی ئەندام

ئەندام لە حزبی SPD دەتوانێت لە گرووپەکانی کاردا ئیش بکات و دەنگ بدات، بە چالاک یان نەگەتیڤ سوود

لە مافی دەنگدان وەربگرێت، هەروەها ئەندامبوون لە گرووپی کاری ژنان (ASF) لەسەر بنەمای ڕەگەز دەبێت، هەروەها ئەندامبوون لە گرووپی کاری کەسانی تەمەن سەروو (٦٠ ساڵ AG plus60) بەپێی تەمەن دەبێت کە کەمترین ٦٠ ساڵی دیاریکراوە.

هەروەها ئەندام لە حزبی SPD مافی ئەندامبوونی لە یەک گرووپ یان زیاتردا هەیە بەپێی ڕەچاوکردنی بەشی ٢ لە یاسای هەڵبژاردن لە ناو حزبدا. هەروەها ئەندام لە هەر کاتێکدا بیەوێت، مافی وازهێنانی لە حزب هەیە، مافی کۆتاییهێنانی بە هەموو پەیوەندییەکان و پیادەکردنی ئەو ئیشوکارانەی لە گرووپەکاندا کردوویەتی، هەیە.

هەروەها ئەو کەسانەی ئەندام نین و لایەنگری حزبن، بوونیان لە نێو گرووپەکانی کاردا جێی ڕەزامەندییە و مافی ئەندامی پێ دەدرێت لە هەڵسەنگاندنی کاروبارەکانی حزبدا.

## بەشی دووەم/ بەشی تایبەت

هەندێ حوکمی تر بەسەر گرووپەکانی کاردا جێبەجێ دەکرێن، وەک: گرووپی کاری پرسی فەرمانبەران AfA، گرووپی کاری بەساڵاچوان و سەروو ٦٠ ساڵ (AG 60 plus)، گرووپی کاری ژنان (ASF).

١- بنیاتنان

لە کاتی نەبوونی هیچ گرووپێکی کار لە ناوخۆی ناوچەیەک، دەشێت لەسەر ئاستی ئەو ناوچەیە سەرپەرشتیارێک بە دانان دابنرێت.

٢- کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی

کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی بۆ AfA و ASF و ٦٠ AG plus پێک دێت لە:

هەڵبژاردنی ١٥٠ نوێنەر لە لایەن گرووپەکانی کارەوە لەسەر ئاستی هەموو هەرێمەکان یان ویلایەت، هەروەها لیژنەی ڕاپەڕاندنی فیدراڵی وەک ئەندامانی لیژنەی فیدراڵی بە ڕاوێژ دەبێت.

ژمارەی نوێنەرانی گرووپی کاری بەساڵاچوان ٦٠ AG plus و ASF لەسەر بنەمای تەمەن و ڕەگەز لە ژمارەی ئەندامانی حزب دیاری دەکرێت و هەموو هەرێمێک یان ویلایەتێکیش بەپێی ڕێژەی ئەندامانی خۆی ژمارەی نوێنەرەکانی دیاری دەکرێت. هەروەها ئەو ناوچانەش کە گرووپەکانی کاریان تێدا نییە، ئەوا بەپێی ڕێژەی بوونی ئەندامانی حزب لەو ناوچەیە نوێنەریان بۆ کۆنگرەی گشتی دیاری دەکرێت.

کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی بەپێی پەیڕەو دوو ساڵ جارێک لە بەرلین لە Willy-Brandt-Haus دەبەسترێت.

٣- لیژنەی فیدراڵی

ئەم لیژنەیە لە نوێنەرانی AG ٦٠ plus و ASF و AfA و دوو یان یەک سەرۆک و نزیکەی ١٢ ئەندامی تر پێک دێت.

٤- گرووپی کاری پرسی فەرمانبەران (AfA)

ئەم بنەمایانەی لای خوارەوە بەسەر ڕێکخراوەیی ئەم گرووپی کارەدا پیادە دەکرێت:

بنیاتنانی متمانە لە ناوخۆی حزبدا بە شێوەیەکی تایبەت لە لایەن ڕێکخستنی دامەزراوەکەیانەوە، ئەو دامەزراوەیەی سەر بە حزبی SPDیە کە لە کۆمەڵێک دامەزراوە و بەرپرسی فرۆشگەکان پێک هاتووە. ئەرکیان پشتگیریکردن و ڕێکخستنی متمانەیە لە نێوان دامەزراوەکاندا. مەبەست لەو متمانەیەیە کە لە ئەم پەیڕەوەدا ڕێک خراوە. هەر ئەندامێکی حزب لە هەر دامەزراوەیەک یان کارگێڕییەک کار بکات، ئەوە ئەندامە لەو کۆمەڵە دامەزراوەی کە لە لایەن گرووپی کاری

فەرمانبەرانەوە ئیدارە دەدرێت. ئەو فەرمانبەرانەش کە بە شێوەی کاتی یان هەمیشەیی لە کارکردن خانەنشین دەبن، دەشێت هەر وەک ئەندامی کۆمەڵە لە دامەزراوەکەی گرووپی کاری فەرمانبەراندا بمێنێتەوە.

١- پێکهێنانی گرووپێک بۆ زۆرترین کۆمپانیا و دامەزراوەی کارگێڕی.

٢- پێکهێنانی گرووپ بۆ لقەکانی کۆمپانیاکان لە ناوچەکان، یان دامەزراوە بچووک و مامناوەندەکان لە گرووپی تایبەت کە فەرمانبەرەکانیان لە خۆ بگرێت.

٣- کارمەندانی فرۆشگە بچووکەکان.

ئەو دامەزراوە و فرۆشگەیانەی ناتوانرێت لە ڕیزبەندیی گرووپی کۆمپانیا گەورەکاندا تۆمار بکرێن، وەک کارمەندانی فرۆشگەکان و نوێنەرانی کرێکار و پسپۆڕان، هەر وەک سەندیکای کرێکاران ڕێک دەخرێن. ئەو گرووپانەی کۆمپانیا گەورەکان و کۆمپانیا و فرۆشگە مامناوەند و بچووکەکان تۆڕێکی پەیوەندی لە نێوانیاندا دروست دەکرێت و لە کۆبوونەوەکانیاندا پێشنیاز و بەرنامە پێشکەش بە گرووپی کاری فەرمانبەران دەکەن و سیاسەتی کۆمپانیاکان ڕوون دەکەنەوە. گرووپی کۆمپانیاکان پێشنیاز سەبارەت بە مەسەلە هونەرییەکانی

ناوچەکەیان بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب یان بە گرووپی کاری فەرمانبەران دەدەن. سەرۆکی ئەو کۆمپانیایانە بە سیفەتی ڕاوێژکاری، بەشداریی کۆبوونەوەکانی لیژنەی فیدراڵی لە کۆمەڵەی ئاسیا و دەریای هێمن دەکەن.

## بەشی سێیەم

## ڕێکخستنی گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر

سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەکانی فیدراڵی کە بە بڕیاری پێشتری چەند نوێنەرێک لە ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠١٩ بەسترا، بەڵام بە هۆی هەلومەرجی پەتای کۆرۆناوە لە ساڵی ٢٠٢٠ نەبەسترا. هەر بۆیە ئەو چەند نوێنەرانە وەک خۆیان مانەوە.

### حوکمی کۆتایی

ئەم بڕیارانەی لای سەرەوە لەسەر هەموو گرووپەکانی کار جێبەجێ دەبن جگە لە گرووپی کاری Jusos.

ئەو بڕیارانە جێی ئەو بڕیارانەی پێشووی گرووپەکانی کار دەگرێتەوە و لە ٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەروەها بنەماکانی ئەم بڕیارانە کاریگەرییان نابێت لەسەر بوونی گرووپەکانی کار و مانەوەیان لە پلەی ئەندامێتییان لە هەموو ئۆرگانەکانی حزبدا. هەروەها لە لایەن سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنەوە لە حزبدا بڕیاری کارپێڕاسپاردنی نوێنەرەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ تا کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی دەدرێت.

## پرەنسیپەکانی ئەندام

لە لایەن دەسەڵاتی لیژنەی ڕاپەراندنی حزب لە ٨ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ بڕیار درا:

- دەشێت گرووپەکانی کار لە ڕێی ئینتەرنێتەوە لایەنگرانیان بە ڕێوە ببەن. هەروەها هەموو ئەندامێک دەتوانێت لە گرووپێک زیاتر خۆی تۆمار بکات. بەڵام پێویستە ئینتیما و لایەنگریی بەپێی تەمەن و ڕەگەز و پیشە و بەپێی گرووپەکان لە (هەموو گرووپەکانی کار) ڕەچاو بکرێت. هەروەها ئەندام لە هەر کاتێکدا بیەوێت، دەتوانێت کۆتایی بە ئەندامبوونی خۆی بهێنێت. هەروەها کۆتایی بەو پەیوەندی و ئەو کارانە بێنێت کە پێشتر پێوەیان پابەند بووە.
- زۆربەی زۆری کاروبارەکان لە لایەن ئەندامانەوە لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە جێبەجێ دەکرێت، سەرباری ئەوەش، هەموو ئەندامێک دەتوانێت لە ڕێی سندوقی بەرید یان تەلەفۆنەوە کاروبارەکانی ڕاپەڕێنێت.

هەر ئەندامێک بەپێی ئەو گرووپانەی کار لە (هەموو گرووپەکانی کار) ڕێک نەخرابێت، ئەوا بەپێی پەیوەندی و ڕاوەرگرتنی ئەندامەکە ڕێکارەکانی ئەندامێتیی ڕاست دەکرێتەوە.

• تا ئاستێکی مامناوەند، سەرۆکی گرووپەکانی کار لەسەر ئاستی ویلایەت یان هەرێم و ناوچەکان بۆی هەیە لە ڕێی بەریدی ئەلەکترۆنیی Easymailerـەوە پەیوەندی بە ئەندامانەوە بکات.

https://kampagne.spd.de/deine-kampagne/easymailer/

## تایبەتمەندییەکانی گرووپەکانی کار
## لە حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD)

گرووپی کار بۆ پرسەکانی فەرمانبەران

**(AfA) Arbeitsgemeinschaft für Arbeitnehmerfragen**

١- بنەماکان:

ا– ئەو فەرمانبەرانەی لە کۆمپانیاکان و دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن کار دەکەن و سەر بە سۆشیال دیموکراتن، ئەندامن لە گرووپی کار بۆ پرسەکانی فەرمانبەران لە SPD. هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی بە شێوەی کاتی یان هەمیشەیی خانەنشین بوون، دەشێت هەر وەک ئەندام لەم گرووپی کارەدا بمێننەوە.

ب– بنچینەی چالاکییەکانی ئەم گرووپە بنەماکان و ئامانجی حزبە.

ت- گرووپی کار بۆ پرسەکانی فەرمانبەران بەشێکە لە حزب، واتە ستراکچەرێکی سەربەخۆی نییە بە مانای بنچینەی سیستمی ڕێکخراوەیی. پابەندە بە بنەماکان و ئاڕاستەکردنی لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب بۆ چالاکییەکانی گرووپی کار لە SPD.

پ- ماوە و کاتەکانی هەڵبژاردنی ناوخۆیی گرووپی AfA لەگەڵ کاتی هەڵبژاردنەکانی حزبدا هاوکاتە.

٢- ئەرك:

ئەرکەکانی **AfA** بریتین لە:

ا- ئاشناکردنی کرێکاران و فەرمانبەرانی کۆمپانیا و یەکە ئیدارییەکان بە ئامانج و بەرنامەی حزب، هەروەها بەهێزکردنی حزب لە ڕێی ڕاکێشانی ئەندامی نوێوە.

ب- جەختکردنەوە لەسەر بەرژەوەندییەکانی فەرمانبەران کە لە پێکهێنانی بەڕێوەبردنێکی سیاسی و بەشداریی سیاسیی فەرمانبەراندایە.

ت- هاندان و پشتیوانیکردنی فەرمانبەرانی سەربە گرووپی کاری سۆشیال دیموکرات بۆ بەشداریکردنی کارا لە سەندیکای کرێکاران و (مجالس العمل – Personalräten) و فەرمانبەران و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها

هاریکاریی نوێنەرە هەڵبژێرراوەکان لە کۆمپانیا و شەریکەی پیشەسازی و یەکە ئیدارییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە.

پ- پشتیوانیی حزب لە پێکهێنانی ڕێکخراوی تایبەت بە کۆمپانیا و سۆپەرمارکێت و فرۆشگەکان و دروستکردنی تۆڕی متمانە لە نێوان نوێنەرەکانیاندا.

٣- بنیاتنان و ستراکچەری ڕێکخراوەیی

ا- پێکهێنانی گرووپی کار لە نێو ستراکچەری ڕێکخستنی حزبدا پشت بە بڕیارەکانی بەرپرسی لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب دەبەستێت و ستراکچەری ڕێکخستنیان لەگەڵ ستراکچەری ڕێکخراوەیی حزبدا هاوشێوەن.

ب- لەسەر ئاستی ناوچە و ڕێکخراوی نیشتمانی، گرووپی کار دروست دەکرێت.

٤- ئۆرگان لەسەر ئاستی ناوچە

بەرزترین ئۆرگانی ناوچەیی بریتییە لە کۆنگرەی ناوخۆیی ناوچەیی کرێکاران و لیژنەی ناوچەیی گرووپی کار بۆ پرسەکانی فەرمانبەران (AfA).

٥- کۆنگرەی ناوخۆیی ناوچەیی فەرمانبەران

ا- کۆنگرەی ناوخۆیی ناوچەیی فەرمانبەران بریتییە لە بالاترین دەسەلاتی بڕیاردان لە کۆمەڵەی AfA لەسەر ئاستی ناوچەکە. هەروەها ئەندامانی کۆنگرە لەو ناوچەیە لە فەرمانبەرانی سەر بە حزبی سۆشیال دیموکرات و ئەو فەرمانبەرانەی کە بە شێوەی کاتی یان هەمیشەیی لە ژیانی کارکردنیاندا خانەنشین بوون، پێک دێن.

ب- کۆنگرە لیژنەی بەڕێوەبردنی ناوچە لە گرووپی کاری پرسەکانی فەرمانبەران AfA هەڵدەبژێرێت.

ت- هەروەها لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری ناوچەکە بۆ کۆنگرەی هەرێمایەتی هەڵدەبژێررێت، هەروەها بەپێی ڕێنماییەکانی حزب، نوێنەر بۆ کۆنگرەکانی حزب هەڵدەبژێررێن.

٦- لیژنەی بەڕێوەبەرێتیی ناوچەی AfA

١- لیژنەی ناوچەی AfA پێک دێت لە:

ا- سەرۆک

ب- جێگری سەرۆک

ت- نزیکەی حەوت ئەندامی تر کە لە لایەن کۆنگرەوە ژمارەکەیان دیاری دەکرێت.

٢- لیژنەی بەڕێوەبەرێتیی ناوچەی AfA، بەرپرسە لە بەگەڕخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەو ناوچەیە، هەروەها پێشنیاز ئامادە دەکات بۆ بەردەوامی و پەرەپێدانی کاری سیاسی لەو ناوچەیە. هاریکاری و پەیوەندی لە نێوان فەرمانبەران و کۆمپانیا و بەڕێوەبەرێتییەکان پتەو دەکات. پێشنیاز و ڕا و بۆچوون لەسەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەدات بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزبی لەو ناوچەیە.

٧- ئۆرگان لەسەر ئاستی هەرێم

ئۆرگان لەسەر ئاستی هەرێم بریتییە لە کۆنگرەی فەرمانبەرانی هەرێم و لیژنەی بەڕێوەبردنی AfA .

٨- کۆنگرەی فەرمانبەرانی هەرێم

ا- بریتییە لە کۆنگرەی گشتی بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامانی گرووپەکە لەسەر ئاستی هەرێم (تێبینی: ئەڵمانیای فیدراڵی لە ١٦ هەرێم پێک هاتووە، هەر هەرێمێک حکومەت و پەرلەمانی خۆی هەیە).

ب- بەشداریی ئەندامانی حزبی SPD بە سیفەتی ڕاوێژکاری و چاودێری، کە ئەندامی حزبیی ئەو هەرێمە

نین، بەڵکو وەک سەرۆکی لیژنەی یەکێتیی سەندیکاکانی ئەڵمانیای فیدراڵی بەشدار دەبن.

ت- دوو ساڵ جارێک لیژنەی بەڕێوەبردنی هەرێم لە کۆنگرەی هەرێمدا هەڵدەبژێرن، هەروەها نوێنەری کارا و نوێنەری یەدەکی گرووپی کار بۆ کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی و لیژنەی AfA هەڵدەبژێرن.

پ- کۆنگرەی گشتیی فەرمانبەران لە هەرێم، ڕاپۆرتی لیژنەی ناوچەکان وەردەگرێت و داواکارییەکان بە هەند وەردەگرێت، هەروەها لیژنەکانی ناوچەکان مافی پێشکەشکردنی پێشنیازیان هەیە.

٩- لیژنەی گرووپی کار بۆ پرسەکانی فەرمانبەران AfA لەسەر ئاستی هەرێم

١- لیژنەی بەڕێوەبردنی AfA پێک دێن لە:

ا- سەرۆک

ب- سێ جێگری سەرۆک

ت- پێنج ئەندامی تر کە لە لایەن هەڵبژاردنی کۆنگرەوە دیاری دەکرێن.

٢- ئەگەر بکرێت و بوار هەبێت لە هەموو ناوچە و لقەکانی AfA نوێنەریان هەبێت، چ لە پلەی سەرۆک یان

جێگرەکانی سەرۆک.

٣- لیژنەی بەڕێوەبردنی AfA لەو هەرێمە هاوکاری و پشتیوانیی ناوچە و لقەکانی AfA لەو هەرێمە دەکات بۆ بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیا و شەریکەکانی ئەو سنوورە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە سیاسەتی هەرێم، هەروەها سازدانی کاروباری گشتی و پێشکەشکردنی ڕاوێژ دەربارەی پرسە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکەیان بۆ لیژنەی حزب لەو هەرێمە.

٤- لیژنەی ڕاپەڕاندنی AfA لەو هەرێمە دەتوانێت داوا لە ئەندامانی حزبی SPD لەو سنوورە بکات لە ڕووی پێدانی ڕا و سەرنج یان بەشداریکردن لە ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیان.

٥- بۆ هەموو کۆبوونەوەکانی گرووپی کار بۆ پرسەکانی فەرمانبەران، دەشێت بانگهێشتی شارەزایانی دەرەوەی حزب بە سیفەتی ڕاوێژکاری بکرێت.


SPD
ARBEITSGEMEINSCHAFT
FÜR ARBEITNEHMERFRAGEN

## گرووپی کار بۆ کەسانی تەمەن ٦٠ ساڵ و بەرەوژوور
## Arbeitsgemeinschaft **SPD 60 plus**

گرووپی کار بۆ کەسانی تەمەن ٦٠ ساڵ و بەرەوژوور لە حزبی (SPD 60 plus) یەکێکە لەو یانزە گرووپی کارانەی حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا. ئەو گرووپە پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە بڕیاردان و ستراکچەری حزب. ئەو گرووپە تایبەتە بە کەسانی بەساڵاچوو لە ژن و پیاو، کە هەڵویستەکانیان، پێشنیازەکانیان، بابەتەکانیان بۆ گفتوگۆی ناو حزب دێنن و زۆرینەیەکی کۆمەڵایەتی لە ناو حزب پێک دێنن.

بەرنامە و پرۆگرامی SPD ٦٠ plus بریتین لە:

ئەم گرووپە بریتین لەو ئەندامانەی حزبی SPD کە تەمەنیان لە شەست ساڵ بەرەو ژوورە، ئامانج

لــەوەش نوێنــەرایەتیکردنی بــەرژەوەنــدیــی کەسانی بەساڵاچووە لە ناو حزب و لە دەرەوەی حزب. هەروەها هاندانی بەساڵاچوان و ڕاکێشانی ئەندامی نوێ بۆ ناو ڕێکخستنەکانی حزبی SPD. لەپێناو کرانەوە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا، پێویستە ئەم گرووپی کارە هاریکاری و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوی تری بەساڵاچوان دروست بکات.

ئەم گرووپی کارە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموو ئەو ئەندامانەی حزب کە تەمەنیان لە ٦٠ ساڵ و بەرەو ژوورە، لە خۆ دەگرێت. ژمارەی ئەندامانی ئەم گرووپی کـارە ٢٥٠٠٠ ئەندامن لە نـاو حزبی SPD، هەروەها دەتوانن ئەو ئەندامانەی هێشتا نەگەیشتوونەتە تەمەنی ٦٠ ساڵ، بۆ هاوکاری و بەشداری بانگهێشتیان بکەن.

AG SPD 60 plus بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکـەن و سـتـراکـچـەری ڕێـکـخـراوەیـیـان هـاوشـێـوەی ستراکچەری SPDیە و ئازادن لە بڕیاردانی تایبەت بە خۆیان.

ئەم گرووپە لەسەر هەموو ئاستەکانی حزب ئۆرگانیان لە ستراکچەری حزبدا هەیە، وەک: لەسەر ئاستی ناوچە و هەرێم و پاشان لەسەر ئاستی ئەڵمانیای فیدراڵی.

AG SPD 60 plus مافی ئەوەی هەیە لەسەر کۆنگرەی گشتی قسە بکات و پێشنیاز بدات، هەروەها مافی پێشنیازکردنی بۆ کاندید و هەڵبژاردنەکان هەیە.

دوو ساڵ جارێک لە کۆنگرەی گشتیی فیدراڵیدا لەسەر ئاستی ئەڵمانیا بڕیار لەسەر پرسەکانی ئەم گرووپە دەدرێت و هەروەها هەڵبژاردن بۆ لیژنەی سەرەکیی بەڕێوەبردنی گرووپی کاری SPD 60 plus ئەنجام دەدرێت.

لیژنەی سەرەکیی بەڕێوەبردنی ئەم گرووپە کە بریتین لە سەرۆک و دوو جێگر و شەش ئەندامی هەمیشەیی، لە کۆنگرەی گشتیی حزب لەسەر ئاستی ئەڵمانیای فیدراڵی لە لایەن بەرپرسی لیژنەکانی ناوچە و هەرێمەکان و ئەو ئەندامانەی بۆ کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی هەڵبژێرراون دەستنیشان دەکرێن و دەنگیان پێ دەدرێت. ئەم لیژنە هەڵبژێرراوە هەموو بڕیارەکانی کۆنگرە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا جێبەجێ دەکات. ئەم لیژنەیە لە لایەن نوێنەرانی ناوچە و هەرێمەکانەوە پشتگیری و هاوکاری دەکرێت بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکانی گرووپ.

ئەو بەساڵاچوانەی لە گرووپی SPD 60 plus کار دەکەن، ڕەنگدانەوەی پیربوونی دانیشتوانی کۆماری

ئەڵمانیا دەنوێنن، کە بریتین لە فەرمانبەران و خانەنشینانی ژن و پیاو، کە خاوەنی ئەزموونی جیاوازی ژیانن و ڕا و بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە و پێشکەشی لیژنەی بەڕێوەبردنی SPD ٦٠ plusی دەکەن.

لەبەر ئەوە، گرووپی کاری بەساڵاچوان SPD 60 plus ئەو شوێنەیە کە لە سەرەتادا لەوێوە بیرکردنەوە و نووسینەوەی ئامانج و بەرژەوەندی، هەڵویست و بەرنامەی بەساڵاچوونی دانیشتوانی تێدا تۆمار دەکرێت. ئەمەش واتای ئەوەیە مەرج نییە بەرنامەی ئەم گرووپە هەمیشە و لە هەموو بەشەکاندا لەگەڵ بەرنامە و پلانی حزبی SPD جووت بێت، بەڵکو هەندێ جار ئەم گرووپە لە دەربڕینی هەڵویستی ڕۆژانەی حزبدا پێش حزب دەکەون.

ئەو گرووپە وێڕای ڕۆژنامەی (Vorwärts)ی ئەندامانی حزب لە SPD، پێگەیەکی ئەلکترۆنیی تایبەت بە خۆیان هەیە و ساڵی جارێک هەڵسەنگاندن ”Impuls“ بۆ کارەکانیان دەکەن. ئەو ڕاپۆرتانە لە بنچینەدا دەربارەی تێڕوانینەکان و گەشەی کاروبارەکانیان دەبن. لەو پێگە ئەلەکترۆنییەدا ئەندامان و کەسانی بێلایەن و سەربەخۆش دەتوانن ڕا و سەرنجەکانیان، ڕەخنە و پێشنیازەکانیان بۆ بنێرن.

## دیموکراسی سنووری بۆ تەمەن دانەناوە

## گرووپی کاری SPD ٦٠ plus خۆی وەک گرووپێکی



گرووپی کاری ژنانی سۆسیال دیموکرات (ASF)

**Arbeitsgemeinschaft**

**Sozialdemokratischer Frauen**

گرووپی کاری ژنانی سۆسیال دیموکرات (ASF) لە ساڵی ١٩٧٣ لە لایەن پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD)وە دروست کراوە. ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوە، یەکسانیی نێوان ژن و پیاوە لە ناو حزبی SPD و کۆمەڵگەدا. هەروەها جەختکردنەوە لە پەرەپێدانی بەشداریی سیاسی و بەرژەوەندی و داواکاریی ژنان لە پرۆسەی دارشتنی بڕیاری سیاسیی حزبدا، ئەوەش بە شێوازێک کە پرۆسەی دارشتنی بڕیاری سیاسی بە

هاوبەشیی ژن و پیاو بە یەکسانی بێت. هۆشیارکردنەوەی ژنـان بـە سیاسـەت و ئامـانج و بـەرنـامـەی سۆسیال دیموکرات لەپێناو گۆڕێنی هۆشمەندیی کۆمەڵایەتی و ڕاکێشانی ئەندامی زیاتر بە ئەرکی گرنگی خۆیان دەزانن. لە لایەکی تـرەوە کـار بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی داواکاریی هاوبەشی کۆمەڵە و ڕێکخراو و سەندیکا و بزووتنەوەکانی ژنانی ئەڵمانی و دەوڵەتان دەکەن. ئەم ڕێکخراوە ئەندامە لە ڕێکخراوی ژنانی حزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا (SPE).

لە ٢٤ی تەموزی ١٩٧٢ پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD) بڕیاری دامەزراندنی گرووپێکی کاری ژنـانـی سۆسیال دیـمـوکـراتـی دا، یەکەمین کۆنگرەی گرووپی کاری ژنانی سۆسیال دیموکرات (ASF) لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا، لە ٢٣ تا ٢٤ی مارسی ١٩٧٣ لە شاری لودفیکسهافن بەسترا، خاتوو (ئیلفریدە ئایلارس) وەک یەکەم سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە هەڵبژێررا.

تا ساڵی ١٩٩٢ توانییان کۆتای ٤٠٪ی ژنان لە ناو حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیادا جێگیر بکەن، بێگومان چەسپاندنی کۆتا لە پارتی سۆسیال دیموکراتدا سەرەتادا جێی مشتومڕ بوو، تەنانەت لە نێو گرووپی

کاری ژنانیشدا، بەڵام لە کۆتاییدا توانییان سەرکەوتوو بن. هەروەها ئەم ڕێکخراوە سەرکەوتوو بوون لە چەسپاندنی ڕستەی (ئەوەی کۆمەمەڵگەی مرۆڤایەتیی دەوێت، دەبێت بەسەر کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا زاڵ بێت).

ڕێکخراوی ASF لە ڕووی یاساییەوە

بەو سیفەتەی گرووپێکی کارن لە SPD، واتە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ نین، بەڵام بەشێکن لە SPD، مافی ڕێکخراوەیی و بنەماکانی ڕێکخستنی ASF لە نێو گرووپەکانی کار و چالاکییەکانی SPDدا دارێژراوە. ئەم ڕێکخراوە لە بواری تایبەت بە ماف و گرفتەکانی ژناندا سەربەخۆیە، بەڵام نابێت سەربەخۆ دامودەزگای نوێ بنیات بنێت، بەڵکو دەبێت ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی حزب وەربگرێت، لە هەندێ بواردا بەرپرسی بەڕێوەبردنی حزب دەست لە کاروبارییان وەردەدات، وەک: ڕێگری لە هەندێک ڕووداو و بانگهێشتکردنی ئەندامانی کۆمەڵەی جیاواز و پێشکەشکردنی پێدانی داواکاری، یان هەڵوەشاندنەوەی دەستەی بەڕێوەبردن لە لایەن ئەندامانەوە. ئەوەش لەپێناو ئەوەی لەو ڕێیەوە نەبنە پاشکۆی هیچ ڕێکخراوێکی تر.

## ئەندامێتی

هەموو ژنانی حزبی SPD ڕاستەوخۆ ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن، واتە (١٥٠,٠٠٠) ژن کە دەکاتە ڕێژەی ٣١٪ی ئەندامانی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا. ئەندامی سەربەخۆیان تێدا نییە، بەڵام ژنە چالاکوانی میوان لەم ڕێکخراوەدا هەن کە ئەندامی حزب نین، وەک میوان هەژمار دەکرێن و مافی دەنگدان و خۆهەڵبژاردنیان لە گرووپ و لقەکانیاندا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کەسێک و لایەنێک کە پێویستی بە هاوکاری بێت، بەبێ ئەوەی ببێتە ئەندام، لە لایەن ڕێکخراوەوە هاوکاری و پشتیوانی دەکرێت. واتە هاوکاریی هەموو ژنێک یان دەستە و گرووپێک دەکەن کە داوای هاوکارییان لێ بکات بەبێ ئەوەی مەرجی ئەندامێتی ڕەچاو بکەن.

هەروەها لایەنگرانی حزبی SPD مافی تەواوی ئەندامێتییان لەو ڕێکخراوەدا هەیە و لەسەر ئاستی هەموو ئەڵمانیای فیدراڵی، لە گرووپەکاندا مافی تەواوی ئەندام وەردەگرێت لە ڕووی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە. (بەپێی بڕیارەکانی ڕاپەراندن لە حزبی SPD سەبارەت بە لایەنگران لە ٢٦ی مارسی ٢٠١٢).

ژنانی ڕێکخراوەکە لە ئاست و نەوەی جیاواز، لە مامۆستا و خوێندکار، کچان و ژنانی بەتەمەن، کرێکار و فەرمانبەر پێک هاتوون، ڕا و بۆچوونەکانیان جیاوازە و لە ASF بۆچوونە جیاوازەکان لە یەک پاکێجدا ڕێک دەخەن و هەموان لەسەر یەک شت هاوڕان، ئەویش یەکسانیی نێوان ژن و پیاوە لە هەموو بوارەکاندا.

## ستراکچەری ASF

لە ڕووی ستراکچەری ئیداری و پێکهاتنەوە وەک ستراکچەری حزبی SPD داڕێژراوە، لەسەر ئاستی هەرێمەکان لقی خۆیان هەیە، جێگەی ئاماژەیە ئەڵمانیای فیدراڵی لە ١٦ هەرێم پێک هاتووە و لەسەر ئاستی هەموو ئەڵمانیا بەم شێوە دابەشکردنەیە جگە لە (هیسن و نیدەرزاکسن). لە هەندێک هەرێم گرووپی کاری ڕێکخراوەکە لەسەر ئاستی ناوچە و لەسەر ئاستی هەرێم هەیە، بە مەرجێک لە حزبی سۆسیال دیموکرات (SPD) دانەبڕابێت.

## کۆنگرەی ASF لەسەر ئاستی ئەڵمانیا

باڵاترین دەسەڵات لەسەر ئاستی ئەڵمانیای فیدراڵی، کۆنگرەی فیدراڵییە، کە هەر دوو ساڵ جارێک دەبەسترێت. بریتییە لە ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن بە بەشداریی ٢٥٠ نوێنەر کە لە لایەن هەرێمەکانەوە هەڵبژێرراون. ژمارەی بەشداربوونی نوێنەرەکانی هەر هەرێمێک پەیوەستە بە ژمارەی ژنانی ناو حزبی SPD لەو هەرێمە. کۆنگرە بڕیار لەسەر داواکاری و بەرنامەی کاری ASF دەدات و ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی نوێ هەڵدەبژێرن و ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش دەکەن. دەشێت وێڕای دوو ساڵ جارێک، لە کاتی پێویستدا کۆنگرەی نائاسایی ببەستن. لەم کۆنگرەیەدا لیژنەی فیدراڵی هەڵدەبژێرن بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکان، کە لە ٣٠ نوێنەر پێک دێت و نوێنەری هەموو هەرێمەکان و لیژنەی سەرەکیی ئاستی ئەڵمانیای فیدراڵی. ئەو لیژنە سەرەکییەش لەسەر ئاستی ئەڵمانیا لە سەرۆک و ٣ جێگری سەرۆک و ١٧ ئەندامی هەمیشەیی پێک هاتووە، لە ئێستادا سەرۆکی ASF خاتوو (ماریا نویشل)ە کە لە هەمان کاتدا ئەندام پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپایە.

ئامانجەکانی ASF

١. یەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا.

٢. دابینکردنی بژێویی ژیان و ئاسایش بۆ ژنان لە کاتی پیری و پەککەوتندا.

٣. نەهێشتنی جیاکاری و بوونی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە پیشە و کاردا.

٤. بەرفراوانکردنی هەلی هەڵبژاردنی پیشە بۆ کچان و ژنان، بە تایبەت لە بواری تەکنۆلۆژیا و ناترۆلۆژیدا.

٥. گونجاندنی بوار لە نێوان خێزان و کارکردن بۆ دایکان و باوکان.

٦. بەرەنگاریی توندوتیژی دژی ژنان.

٧. بەرجەستەکردنی مافی ژنان لە هەموو جیهاندا.

٨. یەکسانی لە ناو حزبی SPDدا بە چەسپاندنی سیستمی کۆتا لە هەموو ئاستەکاندا.

گرووپی کاری ژنانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا یەکێکە لەو گرووپانەی لە ستراکچەری ڕێکخراوەیی حزبدا پێگەیەکی تایبەتی لە دارشتنی بڕیاریی سیاسیدا هەیە. چالاکییەکانیان لە ناو حزبدا ئاڕاستەکراون و بابەتەکانیان، هەڵویست و پێشنیازەکانیان دێننە نێو گفتوگۆی حزبەوە و پاشان ڕاگەیاندنی ڕای زۆرینەی حزب لەسەر بابەتەکان.

لە لایەکی ترەوە، ASF ئەو شوێنەیە کە تێیدا بیر لە ئامانجە سیاسییەکان و هەڵوێست و بەرنامەی تایبەت بە ژنان دەکرێتەوە، واتە هەموو جارێک بەرنامەی ژنان بە تەواوی لەگەڵ بەرنامەی حزب هاوتەریب نابێت، بەڵام لە بەرنامەی سۆسیال دیموکرات لانادات.



## گرووپی کاری خاوەن پیشەوکاری تایبەت بەخۆیان
## (AGS)
## Arbeitsgemeinschaft Selbständige (AGS)

ئەم گرووپە یەکێکە لە گرووپەکانی کار لە حزبی SPD، کاری ئەم گرووپە بریتییە لە بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ بەرەوپێشبردنی چینی ناوەند و پیشەوەران، هاندانیان بۆ بەشداریی سیاسی، ڕاکێشانی ئەندامی نوێ بۆ ناو حزب، پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەر کێشە و داواکاریی پیشەوەران بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب.

هەروەها AGS سیمبولی داهێنانەکانی سیاسەتی ئابوورییە، لەپێناو ئابوورییەکی بەهێز بۆ ئەڵمانیا، کار دەکات بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ و دابینکردنی

دڵنیایی کار. ئامانجیان ئەوەیە ئەڵمانیا بـەردەوام بێت لە نوێنەرایەتیکردنی باشترین تەکنەلۆژیا و کوالێتی و زانست لە بازاڕی جیهانیدا. کاری سیاسیی AGS پابەندە بەو خاڵانەی لای خوارەوە کە بۆ ئەندامانی پیشەوەری ناو حزب و پیشەوەرانی دەرەوەی حزب بڕەخسێنێت:

١- ئیتیکی کارکردنی کارگەکان لەسەر بنچینەی سەرمایەدارانی خاوەن ویژدان و بەتوانا بەردەوامە، نەک بۆ بەشداریی ماوەکورت بۆ بەدەستهێنانی قازانجێکی کاتی.

٢- سیاسەتی دارایی، گەیشتنی چینی ناوەند بە بازاڕی سەرمایە و بەگەڕخستنی پارەکانیان بۆ بەدەستهێنانی قازانج لە خۆ دەگرێت.

٣- سیاسەتی ئابووری بیروکراسی تا نزمترین ئاست سـنووردار دەکـات، بۆ ئـەوەی کۆمپانیا مامناوەند و بچووکەکان بە بازاڕی ناوخۆیی ئەورووپا بگەن.

٤- سیاسەتی ژینگە بەرەو ئامانجی گەشەی ئابووریی درێژخایەن ئاڕاستە دەکرێت، هەروەها بەهەدەرنەدانی داهاتی نەوەکانی داهاتوو.

٥- سیاسەتی زانست و فێرکردن، هەلی گونجاو و بێبەرامبەر بۆ هەموو گەنجان دەرەخسێنێت بۆ فێربوون

و ڕاهێنان لەسەر پیشە و کارکردن.

٦- سیاسەتی کۆمەڵایەتی، بە هاریکاری و پشتبەستن بە خود بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی شکست و زەرەرمەندبوون.



## گرووپی کاری پارێزەرانی سەر بە سۆشیال دیموکرات (ASJ)

## Arbeitsgemeinschaft sozialdemokratischer Juristinnen und Juristen (ASJ)

گرووپی کاری پارێزەران لە حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD)، ئەو کەسانە لە خۆ دەگرێت کە گرنگی بە سیاسەتی یاسایی دەدەن، ئەو پارێزەرانە لە گفتۆگۆکان سەبارەت بە فشار و ئاستەنگەکانی نێوان ئەمن و ئاسایش و ئازادییەکانی مرۆڤدا بەشداری دەکەن، هەروەها لەو بابەتانەی باس مەترسییەکانی سەر مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان، شێوازی پەیوەندیی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان، شێوازی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەن. هەروەها بەشداری و سازدانی

کۆبوونەوەی تایبەت بۆ ئەو بابەتانە و پیشکەشکردنی پێشنیازی سیاسیی یاسایی بۆ پـرۆژەی دوورمــەودا لەسەر ئاستی ناوچە و هەرێم و ئەڵمانیای فیدراڵی. هەروەها بە شێوەی ڕەخنەگرانەی بنیاتنەر کار دەکەن، لەپێناو بنیاتنانی دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتیی دەستووری. لەو ڕووەوە ڕا و سەرنج و پێشنیاز و ڕەخنەکانیان پێشکەش بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب دەکەن. لە ساڵی ١٩٤٥ـەوە گرووپی کاری ASJ وەک ویژدانی یاسایی سیاسیی حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا دەردەکەوێت.

## لە مێژووی ASJدا

لە ساڵی ١٩٥٤ەوە حزبی سۆشیال دیموکرات گرنگیی تایبەتی بە گرووپی کاری ASJ داوە و کاری لەسەر دەکات، بە تایبەت ئەو پارێزەرانەی گرنگی بە سیاسەتی یاسایی دەدەن. یەکەم کۆنفرانسی ئەم گرووپە لە نێوان ٢٢ بۆ ٢٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٤ بوو لە هانۆڤەر، کە لەو کۆنگرەیەدا بە پلەی یەکەم باسیان لە چاکسازیی یاسای سزادان کرد. تەوەری کۆنگرەکە وتارێکی ئەدۆلف ئارندیت بوو بە ناونیشانی " بیرکردنەوەی یاساییمان بۆ ئەم سەردەمە (یاسای دانراو و یاسای سروشتی)".

ئارندیت لەو وتارەیدا وتی: "یاسا و دادوەری لای ئێمەی سۆشیال دیموکرات زۆر خۆشەویست بوون، لەبەر ئەوەی بە هۆی دەرچوون لە یاسا، ناهەمواری و بێدەرەتانیی زۆرمان چەشت و دەزانین کە دەرچوون و لادان لە یاسا لە نەبوونی نان برسیترمان دەکات و لە بێئاوی زیاتر تینوومان دەکات."

لە ئەندامە بەناوبانگەکانی گرووپی کاری ASJ ئەدۆلف ئارندیت، فێرنیر هولتفورت، ئیریک کوشنهۆف، هانس پیتەر، دادوەر هانیلۆر کول، تۆماس ئۆبەرمان، بریجیت زێبریس، ئاوی دیتمار بیرلیت، ئانکە بۆرکسن.



SPD ASG

Arbeitsgemeinschaft
der Sozialdemokratinnen und
Sozialdemokraten im Gesundheitswesen

گرووپی کاری سۆشیال دیموکراتەکان لە بواری
چاودێریی تەندروستی (ASG)

**Arbeitsgemeinschaft der Sozialdemokratinnen und Sozialdemokraten im Gesundheitswesen (ASG)**

گرووپی کاری سۆشیال دیموکراتەکان کە لە بواری چاودێریی تەندروستیدا کار دەکەن (ASG)، یەکێکە لەو یانزە گرووپەی لە حزبی SPDدا ددانی پێدا نراوە. بواری سەرەکیی کارکردنی گرووپی کاری ASG سەرجەم لایەنەکانی سیاسەتی تەندروستییە؛ لەو بوارەدا لە ناو حزب و لە دەرەوەی حزب بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی

چاودێریی سیاسەتی تەندروستی بەجێ دێنێت. هەوڵ دەدات بەشداری لە بنیاتنانی ڕای گشتی لەسەر پرسەکانی تایبەت بە سیاسەتی تەندروستیی دروست بکات و لەو ڕووەوە پێشنیاز و ڕەخنە و ڕا و سەرنجەکانی پێشکەش بە حزب دەکات.

دەشێت ئەم گرووپە سەرجەم ئەو ئەندامانەی SPD لە خۆ بگرێت کە لە بواری چاودێریی تەندروستیدا کار دەکەن، هەروەها دەرگایان بە ڕووی ئەو کەسانەشدا کراوەیە کە لە دەرەوەی حزبن.

ئەم گرووپە پێویستە بە پەرۆشییەوە هەنگاو بنێت، پاڵنەری خۆی هەبێت بۆ گوێگرتن لە ئەندامەکانیان و کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزایی لە ناو SPD دا، هەروەها لە ڕێی چالاکییەکانیانەوە ڕۆڵیان هەبێت لە پێکهێنانی ئیرادەی سیاسی لە سیستمی چاودێریی تەندروستیدا. ئەم گرووپە سەکۆی داڕشتنی سیاسەتی تەندروستیی سۆشیال دیموکراتە.

ASG لەسەر ئاستی هەموو ئۆرگانەکانی حزب نوێنەرایەتییان هەیە، کۆنگرەی گشتیی فیدراڵی، لیژنەی فیدراڵی، لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب و لە هەموو بەشەکانی ناوچە و هەرێمەکان.

لەسەر ئاستی هەرێمەکان هەلی هاوکاری و پەیوەندیکردن بۆ ئەو کەسانەی گرنگی بەو بابەتانە دەدەن، ڕەخسێنراوە و کۆبوونەوە گشتییەکان و وۆرک شۆپەکان کراوەن تا دەربارەی بابەتی سیاسەتی تەندروستی گفتوگۆی لەبارەوە بکەن.

لە ڕووی سیاسییەوە، ئەم گرووپی کارەی ASG لەسەر بنەمای ”سیاسەتی تەندروستیی ئاراستەکراو بۆ هاووڵاتیان“ وەک گرووپێکی سۆشیال دیموکرات پابەندن بە فکری هاریکاریی وەک بنەمایەکی بنچینەیی بۆ سیاسەتی کارکردنیان سەبارەت بە تەندروستی.

پەیامی ئەم گرووپە:

- سیاسەتی تەندروستی و کۆمەڵگە.
- بەشداریی سیاسەتی تەندروستی لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەک لەسەر بنچینەی هاریکاریکردنی یەکتر.
- هەڵویستی بەهێز لە بەرامبەر لاوازدا.
- تەندروستییەکی باش لە بەرامبەر نەخۆشدا.
- گەنجان و لاوان لە بەرامبەر بەساڵاچواندا، بەرزترین داهات بۆ ئەوانەی داهاتیان لە ئاستێکی نزمدایە.

هەروەها سیاسەتی تەندروستی زۆر لە سیاسەتی بیمەی تەندروستی زیاترە.

- پێویستە ئامانجەکانی سیاسەتی تەندروستی پەل بهاوێت بۆ ناو بوارەکانی تری سیاسەت.
- تەندروستی مەرجی بنەڕەتییە بۆ بەهای ژیان و بنچینەیە بۆ کاری وەبەرهێن.



SPD AfB
Arbeitsgemeinschaft
für Bildung

گرووپی کار بۆ بواری خوێندن و فیربوون (AfB)

**Arbeitsgemeinschaft für Bildung (AfB) und**

شارەزایانی بواری فێرکردن لە SPD خۆیان دەچنە ناو گرووپی AfB. ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە بۆ گرووپی AfB بڕوانین، دەبینین زیاتر لە ١٠٠ ساڵ پێشتر بە ناوی گرووپی کاری مامۆستایانەوە پێک هێنرابوو. لە ڕەچەڵەکدا دەچێتەوە سەر چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی کرێکاران و فێرخوازان، کە فێرکردنی پیشەیی و سیاسیی لە خۆ گرتبوو و لە بنەچەوە لە حزبی سۆشیال دیموکراتەوە سەرچاوەی گرتووە.

فۆکسی کاری سیاسیی گرووپی کار بۆ بواری خوێندن و فیربوون (AfB) لە حزبی سۆشیال دیموکراتی

ئەڵمانیا (SPD) بریتییە لە ڕەخساندنی هەلی خوێندن و فێرکردنی پێشکەوتوانە بە یەکسانی بۆ هەموو هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی. چونکە فێرکردن و خوێندنی باش کلیلی پێشکەوتن و چارەنووسی دیموکراسین بۆ هەموو تاکێک و بۆ هەموو کۆمەڵگە پێکەوە. AfB یەکێکە لەو ١١ گرووپی کارەی حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا و لەسەر ئاستی وڵات لە لایەن ٥٨٠٠٠ ئەندامەوە پشتگیریی لێ دەکرێت. وێرای ئەوەش، هەموو ئەندامانی حزب گرنگی بە بواری خوێندن و فێرکردن دەدەن و هاوکاری دەکەن لە ڕووی پرۆژە و بەشداریکردن لە گۆڕانکارییەکاندا. هەروەها هەموو ئەندامەکان بە شێوەی خۆبەخش کاری تێدا دەکەن.

ئامانجەکانی ئەم گرووپە:

نوێنەرەکانی ئەم گرووپە، دووساڵ جارێک بەشداریی کۆنگرەی گشتی فیدرالی و ٦ مانگ جارێک بەشداریی کۆنفرانسی لیژنەکانی فیدرالی دەکات. هەروەها کۆنگرەی نیشتمانی ناوچەو هەرێمەکانیش بۆ سەرجەم ئەندامان ساز دەکەن و بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشتی هەموو ئەندامانی SPD دەکەن لەو ناوچەیە یان لەو هەرێمە. ئەم گرووپە

بەشداریی فراوانی هەڵسەنگاندنی بابەتەکانی خوێندن و فێرکردن دەکات هەر لە قۆناغی منداڵییەوە تا قوتابخانە و خوێندنی پیشەیی (Ausbildung) و خوێندنی زانکۆ و خولی فێرکاریی پێشکەوتوو (Weiterbildung) دەکاتەوە. لەو ساڵانەی دواییدا، ڕاپۆرت لەسەر ئەو سەرکەوتنە بەرچاوانەی بە هۆی کەسانی شارەزا و بەتواناوە بە دەستی هێنابوو، پێشکەش بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی فیدراڵی کردووە.

AfB وەک بەشێکی فەرمی لە SPD هەژمار دەکرێت و لە ڕووی ناوەرۆک و کاری ڕێکخستنەوە، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە خوێندن و فێرکردن بە هەند وەردەگرن، خۆی وەک سەکۆیەک دەبینێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسەکانی سیاسەتی خوێندن و فێرکردن. سەرۆکی فیدراڵی کە ئەندامی ڕاوێژکاریی لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزبی سۆشیال دیموکراتە، بە شێوەیەکی بنچینەیی پەرە بە چەمکی خوێندن و ئامانج و داواکارییەکانی سیاسەتی خوێندنی باش دەدات و داوای سیستمێکی کارا و دادپەروەرانەی خوێندن بۆ هەموان دەکات.

## سنووری کارو چالاکی AfB

له ساڵی ٢٠١٥وه کار و چالاکیی ئەم گرووپه لەسەر پێگەی ئەلکترۆنیی www.afb.spd.de و هەروەها ئەکاونتی فەیسبوک و تویتەر دەخرێته ڕوو. وێڕای ئەوانەش، به شێوەیەکی بەردەوام پێشنیاز و ڕێنمایی سەبارەت به هەموو پرسیارەکانی پەیوەست به بواری خوێندن دەخاته بەردەم بەرپرسان، وەک (ئەندام پەرلەمان، سەرۆکی شارەوانییەکان، فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، وەزارەتەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکان). بەشداری له گفتوگۆکان و ڕووداوەکانی پەیوەست به پرۆسەی خوێندن دەکات. هەروەها ساڵانه هەلی گفتوگۆکردن سەبارەت به سیاسەتی خوێندن و فێرکردن دەڕەخسێنێت.

## ئەو بابەتانەی ئێستا AfB کاریان لەسەر دەکات:

ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ خوێندنێکی باش بۆ هەموان، داواکاریی ئەم گرووپەیە، به تایبەت لەم بوارانەدا:

- ئەو قوتابخانانەی به درێژایی ڕۆژ خوێندن له هەموو بوارەکاندا تێیاندا بەردەوامە، فراوان بکرێت.
- هاندانی زیاتری خوێندکاران بۆ خوێندن.
- بەهەندوەرگرتن و پەرەپێدانی ڕاهێنانی پیشەیی.

- پەرەپێدانی زیاتری باخچەی ساوایان و قوتابخانە و سیستمی خوێندن (جێبەجێکردنی ئەنجامە زانستییەکان و بەدەستهێنانی شارەزایی زیاتر بۆ خوێندنی باشتر).
- چاودێریی منداڵان بکرێتە خۆڕایی و بێبەرامبەر.
- پێکهێنانی پێکەوەگونجان و ئیندیماج لە نێوان خوێنکاران بەبێ جیاوازیی نەتەوە و دین و ڕەنگ و جەستە و ڕەگەز.
- پێویستە خوێندن بە دیجیتاڵی بکرێت لە فیرکردنی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بە یەکسانی.
- پێویستە دایەنگە و قوتابخانە شوێنێکی پارێزراو بێت لە (زۆرداری، دژایەتیی ڕەگەزی سامی، ڕق و کینە بەرامبەر دانیشتوانی بیانی لە وڵاتدا).
- پشتیوانیکردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی پەروەردەیی و هەلی کاری گونجاویان بۆ بڕەخسێنرێت.
- سەبارەت بە موازەنە، پێویستە کەرەسە و پێداویستییەکانی خوێندن بەپێی سیاسەتی خوێندن و فێرکردن لە بەرنامەی سۆشیال دیموکرات دابین بکرێت.

## ڕەگوڕیشەی حزبی سۆشیال دیموکرات لە کەرتی خوێندن و فێرکردندا

گرووپی کار بۆ خوێندن و فێرکردن Arbeitsgemeinschaft für Bildung (AfB) دەیەویت پردێک لە نێوان واقع و ڕیشەی حزبی سۆشیال دیموکرات بۆ خوێندن و فێرکرن بنیات بنێت بۆ پرسەکانی پاشەڕۆژ و داهاتوو. پێویستە ئێمە فکر و تێڕوانینی سیاسەتی خوێندن لای سۆشیال دیموکرات دەربخەین و پیشانی بدەین کە بۆچی لە تێڕوانین و فکری حزبەکانی تر باشترن، ئەوەش تا چەند جەماوەر و دەوڵەت و کۆمەڵگەکەمان لە سیاسەتی خوێندن سوودمەند دەبێت. بەڵام دەپرسین ڕەگوڕیشەی حزبی سۆشیال دیموکرات لە بواری خوێندن و فێرکردندا چییە؟ لەو ڕووەوە تێڕوانینی لیژنەی ڕاپەڕاندنی گرووپی کاری (AfB) بە چەند خاڵێکی سەرەکی دەخەینە ڕوو:

- بەڵێنی پێشکەوتن لە ڕێی خوێندنێکی پێشکەوتوانە و ئەو ئاستە زانستییە کەسییانەی بە دەست دەهێنرێن.
- دابینکردنی خوێندنێکی باش بۆ هەموان لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا ئاستی بڕوانامەی ماستەر.
- ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ خوێندن.
- خوێندن بەبێ بەرامبەر و بە خۆڕایی.

- هاندان و پشتیوانیی تاک بۆ خوێندن تا دواقۆناغ.
- پشتیوانی و ڕەخساندنی هەلی خوێندن بە درێژایی ژیان (واتە تەمەن نەبێتە ڕێگر).
- ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان خوێندنی پیشەیی و ئەکادیمی.

شارەزایانی پەروەردەیی لە AfB و SPD

ئەوەی گرنگە، ئەوەیە AfB خۆی بە ڕکابەری چالاکیی حزبەکانی تر نازانێت، بەڵکو لەبری ئەوە، ئەرکێکی گرنگ و تێگەیشتنێکی فکریی فراوانی لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان هەیە و خۆی بە هاوکار و هاوبەشی ئەو گرووپ و حزبانەی تر دادەنێت. AfB پێگەیەکی سیاسی بە هەڤاڵانی دەدات کە دەیانەوێت تێکەڵ بە بابەتەکانی خوێندن ببن لە ناوچە و هەرێمەکانی خۆیان و شارەزایی خۆیان و پێشنیاز و داواکارییەکانیان بۆ ئەو ناوچانە پێشکەش بە حزب دەکەن. هەروەها دەتوانین بڵێین ئەم گرووپە زمانی حزبی (SPD)یە لە هەموو بابەتەکانی تایبەت بە خوێندن و فێرکردن، چ لە ناو حزب و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بە گشتی.

AfB بە شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیک هەوڵی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان دەدات لە سیاسەتی خویندن و فێرکردندا، بە تایبەت لەگەڵ (حزبەکان، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، سەندیکای کرێکاران، نوێنەرانی خوێندکاران، دامودەزگاکانی خوێندن).

هەروەها بە چڕی بەشداری لە کاروباری لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزب لەسەر ئاستی ئەڵمانیای فیدراڵی (SPD) و فراکسیۆنی پەرلەمانیی حزبی (SPD) دەکات. لە لیژنەی ڕاپەڕاندنی حزبدا ئەم گرووپە خاوەنی کورسییەکە و مافی دەنگدانی هەیە لە داڕشتنی بەرنامەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی ئەڵمانیای فیدراڵی.



SPD

Arbeitsgemeinschaft
SelbstAktiv

SelbstAktiv

گرووپی کار بۆ کەمئەندامان Selbst Aktiv لە SPD

**Arbeitsgemeinschaft Menschen mit Behinderungen in der SPD (Selbst Aktiv)**

(Selbst Aktiv) سیمبولی بەرگریکردنی کەمئەندامانە لە خودی خۆیان لە بڕیاردان لە چارەنووسی خۆیان، بە هاوکاری لەگەڵ ئەو کەسانەش کە چالاکن و خاوەن هۆشیاریی سیاسین. ئێمە دەمانەوێت دەنگ و ڕەنگی کەمئەندامان لەسەر هەموو ئاستێکی سیاسی بگەیەنین و بەرگری لە فراوانکردن و گەشەپێدانی خود لە ڕێی حزبی سۆشیال دیموکراتەوە بکەین.

کار و چالاکیی ئەم گرووپە لە ڕێی پێگەی ئەلکترۆنیی (https://selbstaktiv.spd.de) بڵاو دەکرێتەوە و

سەرجەم کەمئەنداماان کە ئەندامن لە حزبی SPD، ئاڕاستە دەکات و پشتیوانییان دەکات، هەروەها کەمەندامانی سەربەخۆ لە هەموو گرووپ و ڕێکخراوێک دەتوانن سوود لەم گرووپە وەربگرن، چونکە ئەم گرووپە هاوکاری و پشتیوانیی کەمئەندامان لە ناو حزب و دەرەوەی حزب دەکات.

ئەم گرووپە بەپێی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کەمئەندامان چالاکییەکانی دەکات و لێرەوە گفتوگۆ لەسەر بڕیارەکانی کەمئەندامان دەکات لە ڕووی خوێندن، گوزەرانی ژیان، کارکردن، چاودێریی تەندروستی، وەرزش و پەرەپێدان.

دروشمی ئەم گرووپە: بڕوابەخۆبوون، بڕوابەخۆبوون، بروابەخۆبوونمان بەهێزتر دەکات، ئەوە سێکوچکەی متمانەمانە و سیمبۆلی سیاسییە بۆ کەسانی کەمئەندام نەک هەر لە ناو ڕیزەکانی حزبی سۆشیال دیموکرات، [بەڵکو] لە هەموو کات و شوێنێکدا.

ئامانجی ئەم گرووپە:

لەخساندنی هەلی تەواو و یەکسان بۆ بەشداریکردنی کەمئەندامان لە هەموو کاروبارێکی کۆمەڵایەتیدا، بەبێ

لەبەرچاو گرتنی توانا، ڕەگەز، تەمەن، ڕەچەڵەکی کۆمەڵایەتی یان بنەچە و ڕەگەزی.

بەشداری

توانای بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە شێوەیەکی سروشتی، [تەنانەت] ئەگەر کەسێکی کەمئەندامیش بێت؛ دەمانەوێت کەمئەندام سەربارى هاوکاریی مادی لە لایەن بەرنامەی کۆمەکی کۆمەڵایەتییەوە کە بۆ هەموو کەمئەندامێک لە ئەڵمانیا تەرخان کراوە، خاوەنی داهات و دارایی سەربەخۆ بێت.

ئاسان بەدەستگەیشتن

خولقاندنی ژینگەیەکی گونجاو کە هەموو کەمئەندامێک، منداڵ و گەورە، کەسانی ڕەچەڵەک ئەڵمان یان کەسانی کۆچبەران بتوانن وەک یەک و بە یەک ڕێگە ئەوەی دەیانەوێت، بە دەستی بهێنن.

بەرپرسی خود و بڕیاری چارەنووس

پێویستە کەسانی کەمئەندام خۆیان بەرپرسیارێتیی خۆیان لە ئەستۆ بگرن، چ لە ژیاندا و چ لە ناو کۆمەڵگەدا.

هەروەها بەرپرسیار بن لە بەرژەوەندییەکانیان و نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن و خۆیان بڕیارەکانیان بدەن.



SPD

SPDqueer – Arbeitsgemeinschaft
der SPD Mecklenburg-Vorpommern
für Akzeptanz und Gleichstellung

## گرووپی کار بۆ قبوڵکردن و یەکسانیی هاوڕەگەزخوازان

## (SPDqueer)

## SPDqueer - Arbeitsgemeinschaft der SPD für Akzeptanz und Gleichstellung

ئێمە نوێنەرایەتیی هاوڕەگەزخوازانی نێر و نێر، مێ و مێ، نێوانڕەگەز، ئەوانەی ڕەگەزی خۆیان گۆڕیوە، دەکەین و بەشێکین لە کۆمەڵگەی هاوڕەگەزخوازان (LGBTI). ئەم گرووپە کۆنترین گرووپە لە ناو حزبەکانی ئەڵمانیادا و لە ساڵی ١٩٧٨ وەک گرووپێک دژی نایەکسانی و توندوتیژی بەرامبەر بە هاوڕەگەزخوازان دامەزرێنراوە. هەروەها لە ساڵی ٢٠١١ بەدواوە وەک گرووپێکی فەرمی لە ناو حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا SPD دانی پێدا نراوە.

ئێمە کۆمەڵگەیەکمان دەوێت هەلی یەکسان و یەکسانیی ڕاستەقینەی تێدا بەرقەرار بێت، ئێمە بەوپەڕی متمانەوە دژی ترساندن و هەڕەشەین بۆ سەر هاوڕەگەزخوازان و نێوانڕەگەز و ئەوانەی ڕەگەزی خۆیان گۆڕیوە، دژی هەموو دەمارگیری و ڕەگەزپەرستییەکین، دژی ڕق و کینە بەرامبەر کۆچبەران لە ئەڵمانیا.

ئێمە کە خۆمان بە سۆشیال دیموکرات دەزانین، پابەندین بە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و هاوکار و ئاشتیخواز، ئێمە بەرگری لە دیموکراسی و لێکتێگەیشتنی نیودەوڵەتی دەکەین. بەندی یەک لە یاسا بنچینەییەکان دەڵێت: (کەرامەتی مرۆڤ پارێزراوە)، کەواتە ئەم بەندە داوای ڕێزگرتنی هەموان دەکات بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و ناسنامەی ڕەگەزی. لەم ساڵانەی دواییدا سەبارەت بە هاوڕەگەزخوازان گۆڕانکاریی زۆر ڕوویان داوە، لەوانە:

ڕاهێنانەوەی دەروونی و تەندروستیی ئەو پیاوە هاوڕەگەزخوازانەی بەپێی مادەی ١٧٥ لە یاسای سزادان سزا درابوون، ڕێپێدانی هاوسەرگیری لە نێوان هەمان ڕەگەزدا، ئەمانە هەنگاوێکی گرنگ بوون بۆ دانانی سنوور بۆ جیاکاری و بەدیهێنانی یەکسانیی تەواو بۆ کەسانی هاوڕەگەزخواز. بەڵام هێشتا ئەوە تەواوی مافەکانمان

نییە، یەکسانیی تەواو لە میانەی چاکسازیکردن لە یاسای باوکایەتیدایە، هەروەها مادەی ٣ لە یاسا بنچینەییەکان تا سیفاتی (ئارەزووی ڕەگەزی و ناسنامەی جێندەری) لە خۆ بگرێت و گۆڕینی یاسای ڕەگەزگۆڕاوەکان بە یاسای باری کەسیی مەدەنی کە خودی خۆیان بڕیاری لێ بدەن. هەروەها پێویستە چاودێریی چاکسازیی یاسایی و پراکتیکی بۆ بارودۆخی گوزەرانمان بکرێت.

ئێمە بە سیفەتی SPDqueer، هەڵدەستین بە کاری خوێندن و فێرکردن لە ناوخۆ و دەرەوەی حزبی SPD. ئێمە بەربەستەکانی ڕابوردوو دەشکێنین، خەبات دەکەین لەپێناو قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی تەواو. حزبی سۆشیال دیموکرات لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان بەردەوامە لە خزمەتی SPDqueer.

ئامانجمان:

- ئێمە دژایەتیی کەموکوڕییەکان دەکەین لەپێناو کاری بەکۆمەڵی فرەڕەنگ. وێڕای چاکسازیی یاسایی و گرنگیدان و ڕووبەڕوویی لە یەکسانیدا، هێشتا لە ژیانی ڕۆژانەدا هاوڕەگەزخوازان ڕووبەڕووی جیاکاری دەبنەوە، ترسێکی گەورە لە تێڕوانینی لەڕێلادەر بۆیان

لە گەڕەک و لە شوێن کارکردن، لەدەستدانی ئیش و کار، ماڵ، هاوڕێ، ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی توند، کە ئێمە بەوە ڕازی نین. ئێمە پابەندین و سوورین لەسەر قبوڵکردنی کۆمەڵایەتی.

داواکارییەکانمان

- یەکسانی بۆ خێزانەکانی پەلکەزێڕینە و مافی سەلماندنی نەسەب (وەچە).
- دددانانان بە مافی (LGBTI - هاوڕەگەزخوازان) وەک مافی مرۆڤ کە شایستەی سازش و مامەڵەپێکردن نییە.
- زیادکردنی سیفاتی ناسنامەی جێندەری بۆ بڕگەی ٣ بۆ مادەی ٣ لە یاسای بنچینەیی.
- هەڵوەشاندنەوەی یاسای ڕەگەزگۆڕاوەکان و گۆڕینی بە یاسای باری کەسێتیی مەدەنی و بڕیاردان لەسەر خود بۆ هەموان ڕەخساو بێت.
- حەرامکردنی نەشتەرگەریی کۆئەندامی زاوزێ بۆ ئەو منداڵانەی نێوانڕەگەزن.
- ڕێنەدان بە دەمارگیریی ئایینی لە کۆمەڵگە و لە شوێن کار و چاودێریی پزیشکی و خوێندن.

• پــــرۆژەی فـێـرکـاریـی وەک (SCHLAU) لەقوتابخانە و یەکەکانی خوێندنی ئیلزامی بۆ قبوڵکردنی هـاوڕەگـەزخـوازان LGBTI لـە سـەرجـەم خوێندنگە پیشەییەکان (Ausbildungsberufen).

• چـاودێـریـی تـەنـدروسـتـیـی سـەرتـاپـاگـیـر بۆ هاوڕەگەزخوازان: سنووردانان بۆ جیاکاری لە بەخشینی خوێن و چارەسەری نەخۆشیی هاوڕەگەزخوازانن، لەو بارەوە هۆشیاری بە کادری پزیشکی و چارەسەرکردن بدرێت.

• پەرەپێدانی و توێژینەوە و چارەسـەرکردن لە ڤایرۆسی جگەر و دابەزاندنی بەرگریی لەش و نەخۆشییە گوازراوەکان بە هۆی جووتبوونەوە.

• ڕەخسـاندنی ژیـان و گـوزەرانێکی شایستە بۆ بەساڵاچوانی هاوڕەگەزخوازان.

• ئازادیی هاتوچۆ لە یەکێتی ئەورووپادا بەبێ سانسۆر لەسەر مافی هاوڕەگەزخوازان.

• جێبەجێکردنی ئەو بەهەندوەرگرتنە لە پێدانی مافی پەنابەری بـەو کەسانەی هـاوڕەگـەزخـوازن و پەنا بۆ ئەڵمانیا دێنن.

• دانانی پلانی نیشتمانی بۆ ڕێگرتن لە جیاکاری دژی هاوڕەگەزخوازان و ڕەگەزگۆڕاوەکان.


SPDqueer
Mecklenburg-Vorpommern
SPD

SPD

Arbeitsgemeinschaft
Migration und Vielfalt

گرووپی کار بۆ پەناهەندە و فرەڕەنگی

**Arbeitsgemeinschaft Migration und Vielfalt**

گرووپی کار بۆ پەناهەندە و فرەڕەنگی لە حزبی سۆشیال دیموکرات (SPD)دا هەلی زیاتر بۆ هاوکاریی کۆچبەران و پەناهەندە دەڕەخسێنێت و سوودی خزمەتگوزارییان پێ دەگەیەنێت، هەروەها هەوڵی پێکهێنانی فرەڕەنگی لە ناو حزبدا دەدات، فرەڕەنگیی کۆمەڵایەتی و بابەتەکان لە نێوان ئەندامانی گرووپدا دەبینرێت. ئەم گرووپە زنجیرەی بەیەکگەیاندنە لە نێوان حزبی SPD و کۆمەڵی کۆچبەران، بە تایبەت لە پێناو بنیاتنانی ڕێکخراوی تایبەت بە پەناهەندە و کۆچبەران. هەروەها لە پەرلەمان دەنگی کۆچبەرانە لە کاتی گفتوگۆ گشتییەکان سەبارەت بە کۆچبەران. بە تایبەت هەوڵی فرەڕەنگیی کۆمەڵگەی ئەڵمانی دەدات بە کەسانی خاوەن شارەزایی و توانای ئەکادیمی.


SPD
ARBEITSGEMEINSCHAFT
MIGRATION UND VIELFALT
BERLIN

## گەنجانی سۆشیال دیموکرات
## JUSOS

لە تەمەنی ١٤ ساڵ تا ٣٥ ساڵ لە ئەندامانی حزبی SPD، ڕاستەوخۆ ئەندامن لە JUSOS. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٤ بەدواوە هەموو گەنجێک کە لەو تەمەنەدا بێت، بەبێ ئەوەی ئەندامی حزبی SPD بێت، دەتوانێت لە JUSOS ببێتە ئەندام. تا ساڵی ٢٠١١ بە خۆڕایی بوو، بەڵام پاش ئەو ساڵە ئەوە کۆتایی هات و ئەندامانە یا ئابوونەی مانگانە یەک یۆرۆیە.

گەنجان و لاوانی سۆشیال دیموکرات، بە کورتی بە (JUSOS) ناسراون. لەسەر ئاستی نیشتمان لە ٧٠,٠٠٠ ئەندام زیاترن و لە نێوان تەمەنی ١٤ تا ٣٥ ساڵی لە خۆ دەگرێت. ئەمانە گرووپی کاری گەنجانی سۆشیال دیموکراتن لە حزبی SPD.

ئازادی، عەدالەت، هاریکاری و پێکەوەبوون بنچینەی بەهاکانە لای ئەم گرووپە، دەیانەوێت کۆمەڵگەیەکی بێ جیاکاری و سەرکوتکردن بنیات بنێن. دەیانەوێت هەموو کەسێک بە شێوەی جیاوازی خۆی ژیان و گوزەرانی خۆی بە ڕێوە ببات و بنەچەی مرۆڤ بڕیار لەسەر هەلی کەسەکان نادات، بەڵکو توانا و لێوەشاوەیی بڕیار دەدات. ئەم گرووپە داوای هاریکاری و پێکەوەبوون لە دەوڵەت دەکات و داوای کۆکردنەوەی داهات دەکات لەو کەسانەی زیاد لە پێویستیان هەیە و تا دەوڵەت بیدات بەوانەی کە پێویستیان بە هاوکاریی و دەستگیرۆیی هەیە. ئەم گرووپە دەیانەوێت بەسەر سیستمی سەرمایەداریدا سەربکەون و بەرگری لە سیستمی کۆمەلایەتی دەکەن کە ئەویش سۆشیالیزمە. خەبات لەپێناو بیروباوەڕی خۆیان دەکەن کە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە کارکردن و بیمەی کۆمەلایەتی و ئازادیی تاک، پێیان وایە کۆمەڵگەی سۆشیالستی یۆتۆبیا نییە کە هاتنەدیی زەحمەت بێت، بەڵکو پێیان وایە زەروورەتە بۆ چارەسەری کیشەکانی ئەم سەردەمە.

دەنگی گەنجان و تێکەڵ بوون بە سیاسەت

گرووپی SUSOS دەنگی گەنجان دەگەیەنن و لەسەر ئاستی هەرێمەکان و ئەڵمانیای فیدراڵی تێکەڵ بە سیاسەت دەبن. لەسەر ئاستی جیهان لەمیانەی ڕێکخراوی ئەورووپیی سەرتاسەریی YES (گەنجانی سۆشیالیستی ئەورووپا) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی IUSY (یەکێتی نێودەوڵەتیی گەنجانی سۆشیالیست) لە پەیوەندیدان. دەسەڵاتی بوونیان لە ناو حزبی سۆشیال دیموکرات بەکار دێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان و هاوڕێیەتیی ڕێکخراوەکانی گەنجان و لاوان بۆ یەکگرتنی تواناکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و دەستپێشخەری بۆ بەرەنگاری دژی فکری فاشیستی.

چالاکییەکانی ئەم گرووپە لە خوێندنگە و زانکۆکاندا، لە هاوپەیمانی و کارە خۆبەخشەکاندا، لە سازدانی گفتوگۆی جدیی ڕۆشنبیریدا، لە دابەشکردنی بڵاوکراوەکان لەسەر شەقامەکان، لە دەربڕینی ناڕەزایی و لە کاتی بەشداری لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەدی دەکرێن.


JUSOS

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTOC UNION OF KURDISTAN
مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری